گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper12

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠١/٢٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٣/٢٦
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٣/٢٩

# هاوکارییە مرۆییەکانی سوپای هاوپەیمانان بۆ ئاوارەکانی باشوری کوردستان لە سنوری تورکیا 1991

**سامان مجید محمد[1] - هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم[2]**

hersh.hamakarim@univsul.edu.iq - Samanmajed525@gmail.com

[1+2] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە، باس لە گرنگترین شێواز و بڕ و جۆری ئەو هاوکارییە مرۆییانە دەکات، لە ساڵی (1991)دا لەلایەن سوپای هاوپەیمانان، پیشکەش بە ئاوارەکانی باشوری کوردستان کراوە، لەسەر سنورەکانی تورکیا و عێراق. بەهۆی نزیکی سوپای هاوپەیمانان لە ناوچەکە، یەکەم لایەن بون گەیشتنە شوێنی ڕوداوەکە، هەروەها تاکە لایەن بون لەو کاتەدا کەرەستە و ئامێری پێویستیان لەبەردەستدا بوە بۆ ئەنجامدانی هەوڵە فریاگوزارییەکان و گەیاندنی سەدان تۆن هاوکاری مرۆیی و پێداویستییە سەرتاییەکانی ژیان بە ئاوارەکانی ناوچە شاخەوییەکانی نێوان سنوری تورکیا و عێراق، ئەوەش بە خستنە خوارەوەی هاوکارییەکان لە ڕێگەی فرۆکەوە.

دەرچونی بڕیاری 688 لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش، بوە هۆکاری هاتنی بە لێشاوی هاوکارییە مرۆییەکان، بۆ ئاوارەکان. لە پێناو گەیاندنی ئەم هاوکارییانە و جێبەجێکردنی بەندەکانی بڕیاری 688 و پاراستنی کوردەکان لە سەرکوتکارییەکانی حکومەتی عێراق، ولاتانی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین لە سەروی هێڵی پانی (36) و دروستکردنی ناوچەی ئارام لە بەشێکی ناوچەکانی باشوری کوردستان. دواتر، سوپای هاوپەیمانان، لە پێناوی گەڕاندنەوەی ئاوارەکان، دەستیانکرد بە دروستکردنی چەند کەمپێکی (کاتی) نیشتەجێبون، لە نزیک شاری زاخۆ، لە ناوەندی ئەم کەمپانەدا، پێداویستییە مرۆییەکانیان لە (خواردن و ئاو و تەندروستی) بۆ ئاوارەکان دابینکرد، پاشان سوپای هاوپەیمانان دەستیانکرد بە بنیاتنانەوەی زۆرێک لە دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان سنوری

ناوچەی ئارام، کە بوە هۆی ڕزگارکردنی گیانی هەزاران کەس لە مردن و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ماڵەکانی خۆیان.

**کلیلە وشەکان:** هاوکارییە مرۆییەکان، ئاوارە کوردەکان، سوپای هاوپەیمانان، ناوچەی دژەفڕین، ناوچەی ئارام

## پێشەکی:

داگیرکردنی وڵاتی کوەیت لەلایەن عێراقەوە و شکستی ئەم داگیرکارییە لەسەردەستی هاوپەیمانان، کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنەڕەتی بەدوای خۆیدا هێنا، لە گرنگترینیان ڕاپەڕینی گەلانی عێراق بەگشتی و ڕاپەڕینی کورد بو بەتایبەتی. ڕاپەڕینەکان لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوتکران، ئەمە بوە هۆکاری ئاوارەبونی ملیۆنی کورد بەرەو سنورەکانی تورکیا و ئێران. سەرئەنجام وای لە ڕۆژئاوا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد، بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی ئەم مەترسییە، بیر لە دەستێوەردانی مرۆیی بکەنەوە، لە پێناو ڕاگرتنی سیاسەتە پڕ لە ستەمکارییەکانی حکومەتی عێراق دەرحەق بە کوردەکان و ڕێگەنەدان چیتر لە ژێر یاسای سەروەری دەوڵەت، کوردەکان لە عێراق سەرکوت بکرێن. ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە پرۆسەی گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان لەلایەن سوپای هاوپەیمانان، جیاواز لە توێژینەوەکانی پێشوتر کە زیاتر ڕوە سیاسیەکەی ئەم پرسەیان باسکردوە. ئەم توێژینەوەیە بۆ یەکەم جارە بەشێوەیەکی زانستی، ڕۆڵ و گرنگی سوپای هاوپەیمانان بەدەردەخات لە پێشکەشکردنی هاوکاریی مرۆیی و پاراستنی ئاوارە کوردەکان، چی لە کەمپەکانی ناوچە سنورییەکانی تورکیا و عێراق بێت، چی لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، ئەوەیە کە بیسەلمێنین، کە چەندە هاوکارییە مرۆییەکانی سوپای هاوپەیمانان و وڵاتانی ڕۆژئاوا، جێگەی بایەخ بوە لە ڕزگارکردنی ژیانی سەدان هەزار کەس لە باشوری کوردستان، هەروەها چۆن توانییان، گەلێکی ئاوارەی پەژموردە، بگێڕنەوە سەر زێدی خۆیان و دوبارە لە شوێنی خۆیان نیشتەجێیانبکەنەوە، هاوکات چۆن پرسی کوردیان لە پرسێکی ناوخۆییەوە کردە پرسێکی جیهانی.

**گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، بۆیە گرنگە، چونکە کار لەسەر قۆناغێکی مێژوی دەکات، کە بۆ یەکەم جارە، لە ساڵی (1991)دا، وڵاتانی ڕۆژئاوا بە هاوکاری وڵاتانی دراوسێ، هاوکاریی مرۆییان پیشکەش بە ئاوارەکانی باشوری کوردستان کردوە. هەروەها بۆ یەکەم جارە سوپای هاوپەیمان لەبری ڕۆڵی سەربازی، ڕۆڵی فریاگوزاری دەبین لە پێناو ڕزگارکردنی گیانی خەڵکی مەدەنی.

**ڕێبازی توێژینەوەكە:** لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا، سود لە ڕێبازی وەسفی وەرگیراوە، كار لەسەر چەند بەڵگەنامەیەک كراوە، كە تێدا وەسفی ئەو هاوكارییە مرۆییەكان دەكات، كە پێشكەشی ئاوارەكانی باشوری كوردستان كراوە. هەروەها ڕێبازی شیكاری مێژوی گێراوەتەبەر بۆ ڕاڤە و شیكاری بڕ و جۆری ئەو هاوكارییانەی كە پێشكەشیان كردوە.

**گرفتی توێژینەوەكە:** نەبونی یاخود كەمی سەرچاوەی زانستی، لەسەر بڕ و جۆری، تەواوەتی ئەو هاوكارییە مرۆییانەیە كە سوپای هاوپەیمانان پیشكەشیانكردوە لە ساڵی (1991)دا.

**گریمانەی توێژینەوەكە:**

-سوپای هاوپەیمانان و وڵاتانی ڕۆژئاوا، ڕۆڵێكی گرنگیان بینیوە لە پێشكەشكردنی پێداویستییە سەرەتاییەكانی ژیان و ڕزگاركردنی گیانی هەزاران كەس.

-وڵاتانی ڕۆژئاوا كاریگەری گەورەیان هەبو لە دەركردنی بڕیاری 688 و دروستكردن ناوچەی ئارام و گەڕاندنەوەی خەڵكی بۆ زێدی خۆیان.

**بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە:** سود لەچەند توێژینەوە و سەرچاوەیەكی جیاواز بینراوە لەوانە:

1. Goff, Donald G. (1992), Operation Provide Comfort, United States Army.
2. Brown, Ronald J,(1995), Humanitarian Operations in Northern Iraq, 1991 with Marines in Operation Provide comfort and Museums Diviion Headquarters U.S Marine corps Washington D.C.
3. Rudd, Gordon W, (2004) Humanitarian Intervention Assisting the Iraqi Kurds in Operation provide comfort, 1991, Department of the Army Washington, D.C.
4. عەبدولفەتاح عەبدولڕەزاق، دەستێوەردانی مرۆیی نەتەوە یەكگرتوەكان لە كوردستانی عێراق، (بڕیاری 688)، بابەتێكە لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە 21 وەک بەشێک لە تێزی دكتۆراكەی بڵاوكراوتەوە.
5. -لەگەڵ چەندین سەرچاوەو بەڵگە نامەی زانستی كە توانراوە وەک یەكەمین توێژینەوەی زانستی لەم بوارەدا سودی لێوەربگیرێت.

**پەیكەری توێژینەوەكە:** ئەم توێژینەوەیە دابەشبوە بۆ چەند باسێک، باسی یەكەم: هاوكارییە مرۆییەكانی سوپای هاوپەیمانان بۆ ئاوارەكان سنوری توركیا ساڵی (1991). باسی دوەم: ڕەهەندی مرۆیی بڕیاری (688) و دروستكردنی ناوچەی دژەفڕین (NO FLY ZONE) لە باشوری كوردستان. باسی سێیەم: دروستكردنی ناوچەی ئارام لە باشوری كوردستان (Safe Zone). باسی چوارەم: ڕۆڵی سوپای هاوپەیمانان لە گەیاندنی هاوكارییە مرۆییەكان و بنیاتنانەوەی دامەزراوە خزمەتگوزارییەكان.

**باسی یەکەم: هاوکارییە مرۆییەکانی سوپای هاوپەیمانان بۆ ئاوارەکان سنوری تورکیا 1991.**

پاش ئەوەی دانیشتوانی باشوری کوردستان، لە کۆتاییەکانی مانگی ئاداری ساڵی (1991)دا، لە ترسی سەرکوتکاری سەربازی سوپای عێراق، کۆچوڕەویان دەستپێکرد و ڕویان لە ناوچە شاخاوییەکانی سنورەکانی تورکیا کرد، بارودۆخیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبو، نەخۆشییە گوازراوەکان، وەک سکچون و چەندین نەخۆشیتر بەخێرایی لە ناویاندا بڵاوبوەوە، ڕێژەی مردن هەڵکشانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش لەژێر کاریگەری نزمی پلەی گەرمی و نەبونی ئاوی پاک و کەمی خواردن بو. هەرچەندە هەندێک لە ئاوارەکان خواردنیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابو هەندێکیشیان توانیان کەلوپەلی سنوردار، لە شارۆچکە سنورییەکانی تورکیا بکڕن، بەڵام کەس ئەوەندە خۆراکی پێنەبو، کە چەند هەفتەیەک لە شاخەکان پێی بژی. ئەو خۆراکانەی کە لەلایەن دانیشتوانی گوندنشینی تورکیا و مانگی سور و پاسەوانی سەر سنورەکانەوە دابیندەکرا، یارمەتیدەربون، بەڵام بە زەحمەت، دەیتوانی پێداویستییەکانی ئەو ڕێژە زۆرەی پەنابەران دابینبکات (Rudd,2004, 88).

سروشتی فریاگوزاری مرۆیی زۆر ئاڵۆزبو، هیچ دامەزراوەیەکیتر جگە لە کەرتی سەربازی ئامێر و هۆیەکانی گواستنەوەی پێویستی نەبو بۆ ئەم کارەساتە مرۆییە (Seiple, 1995, 37). دیارە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی هەڵکەوتەی ناوچە سنورییەکان، کە پێکهاتبو لە شاخی بەرز و سەخت و کەمی ڕێگاوبانەکان، هەروەها کەمی ئاوەدانی، کە ئاستەنگییەکی قورسی بۆ فریاگوزاری خێرا دروستکردبو. سوپای ئەمریکا بەهۆی ئامادەکاریی سەربازی بۆ جەنگی دوەمی کەنداو، تەواو نزیک بون لە ئاوارەکان، لە سەر داوای حکومەتی تورکیا، یەکەم لایەن بون گەیشتنە ناوچەکە و دەستیانکرد بە هەوڵە فریاگوزارییەکانیان، بۆ ڕزگارکردنی ئاوارەکان (Hinson, 1998, 5).

(جۆرج بۆش)ی باوک (1989–1993)، لە 5ی نیسان (1991)، ڕاگەیاندنێکی پەخشکرد، کە سوپای ئەمریکای ڕاسپارد بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی بە ئاوارەکان. پێشتر هێزەکانی ئەمریکا لە کاتی جەنگی کەنداودا وەک هێزێکی فریاگوزاری بۆ پشتگیریکردن لە یەکەکانی هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە ئینچەرلیک جێگیرکرابون. ئامێری پێویستیان هەبو، شارەزای زەوی و زاری ناوچەکە بون، زۆرێک لە سەرکردەکانی کوردیان دەناسی (Seybolt, 2008, 108) ، بەڵام دوابەدوای ڕاگەیاندنەکەی (جۆرج بۆش)ی باوک، وەزیری بەرگری (دیک چینی) (1989–1993) لەگەڵ سەرۆکی ئەرکانی هاوبەش (کۆلن پاوڵ) (1989–1993)، (فەرماندەیی ئەمریکا لە ئەوروپا)[1] (The United States European Command (EUCOM) ) هەڵبژارد بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە. دەستبەجێ هێزێکی نوێ پێکهێنرا، لە بنکەی ئاسمانی ئەمریکا لە ئینچەرلێک لە تورکیا لە ٦ی نیسانی (١٩٩١)، بەناوی (هێزی ئەرکی هاوبەش- دابینکردنی

ئاسودەیی) (Joint Task Force- Provide Comfort) (JTF-PC). (فەرماندەیی ئەمریكا لە ئەوروپا) (EUCOM)، ژەنەڕاڵ (جەیمێرسۆنی)[2] وەک فەرماندەی (JTF-PC) هەڵبژارد(Goff, 1992, 6). پێکهاتە سەرەتاییەکانی ئەم هێزە، بریتیبون لە: هێزی ئاسمانی (Air Forces) (AFFOR)، هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت (Special Operations Forces) (SOF). بارەگای سەرەکی هەردو پێکهاتەکە لە ٦ی نیسانی (١٩٩١)، لە بنکەی ئاسمانی ئینچەرلیک جێگیرکران، ئەرکی سەرەتایی (JTF-PC) بریتیبو لە دابینکردن و پێشکەشکردنی فریاگوزاری مرۆیی، وەک خۆراک و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، بە ئاوارەکانی سنوری نێوان تورکیا، لە 7ی نیسانی(1991) هێزی ئاسمانی (AFFOR) سەر بە (JTF-PC)، کە پێکهاتبو لە فڕۆکەی سەربازی جۆری (C-130's) و ئەسکۆرت (escort)، یەکەم گەشتی فڕینیان ئەنجامدا بە خستنە خوارەوەی (27) تۆن پێداویستی لە ئاو و خواردن و جلوبەرگ و چادر و بەتانی، بۆ کوردە ئاوارەکانی، سنوری نێوان تورکیا و عێراق، لەگەڵ تێپەڕبونی کاتدا کارەکان کاراتربون، تا وەکو ڕۆژی شەشەم، گەیاندنی ڕۆژانە لە (٢٧) تۆنەوە بۆ (٢٨٤,٦) تۆن بەرزبوەوە (Brown, 1995, 6). دواتر لە پێناوی چڕکردنەوەی هەوڵە فریاگوزارییەکان، هێزێکیتر دروستکرا، بەناوی (هێزی ئەرکی هاوبەش-ئەلفا) ( Joint Task Force Alpha) (JTF-A) (Goff, 1992, 7)، بارەگا سەرەکییەکەی لە بنکەی ئاسمانی ئینچەرلیک بو لەژێر فەرماندەی ژەنەڕاڵی ئەمریکی (ریچارد پۆتەر)[3]. ئەم هێزە پێکهاتبو لە (گروپی ١٠ی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا-بێرییە سەوزەکان) (the US 10th Special Forces Group (the Green Berets (SFG10)، (فەوجی ٤٠ی بەریتانی لە کۆماندۆی سێیەم (مارینی شاهانە) ( the British 40th Battalion of the 3rd Commando (Royal Marines، لەگەڵ (باڵی ٣٩ی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمریکا) ((the US 39th Special Operations Wing-(SOW)، لە ٦ی نیسانی (١٩٩١) هێزی ئەرکی هاوبەشی ئەلفا(JTF-A) چالاککرا، سەربازەکان دەستبەجێ دەستیانکرد بە دیاریکردنی ئەو شوێنانەی کە ئاوارەکانی تێیدا کۆببویەوە لە شاخەکان، پاشان دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانیان و ئامادەکاریی بۆ گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان (Seybolt, 2008, 108).

پێشتر، بۆ هەماهەنگی ناوچەکانی دابەزینی فڕۆکە و دابەشکردنی خۆراک بەسەر ئاوارەکاندا، لە 6ی نیسانی (1991)، (گروپی١٠ی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا-بێرییە سەوزەکان)، ڕەوانەی ناوچەکە کرابون، چونکە ڕێکخراوەکان، سەرەتا کەم بون، یاخود هەرنەبون لەناوچەکە، بۆیە ئەم هێزە بونە بەشێکی دانەبڕاو لە ئەرکە مرۆییەکان، وەک: سەرژمێری، ڕێکخستنی کەمپەکان، وەرگرتنی هاوکارییە مرۆییەکان و دابەشکردنیان، واتا ئەم هێزە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان کورد و هاوپەیمانانەکان بون (Seiple, 1995, 41). جێگیرکردنی (بێرییە سەوزەکان)، لە بنەڕەتدا بە ئامانجی بەرنامەیەکی چوار قۆناغی بو، قۆناغی یەکەم:

هەڵسەنگاندن بو، بۆ ئەوەی بزانرێت چی لە (43) شوێنی جیاوازی پەنابەران دەگوزەرێت، کە نزیکەی پێنج ڕۆژی خایاند. قۆناغی دوەم: دروستکردنی ژێرخان بو وەک: پەیوەندییەکان، دابینکردنی ئاسایش و دیاریکردن و ئامادەکردنی ناوچەی نیشتنەوەی فرۆکەی فریاگوزاری بو ئەم قۆناغە دو هەفتەی خایاند. قۆناغی سێیەم: بەردەوامیدان بو، بە پشتیوانیکردنی کوردەکان، لە ڕێگەی ناسینی پێکهاتەی خێڵ و سەرکردەکانیان، هەروەها یەکخستنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەواتای پەرەپێدانی تیمی تەکنیکی، ئەندازیاری یان پزیشک بو، بۆ پشتگیریکردن لە هەوڵە مرۆییەکان. قۆناغی چوارەم: قۆناغی گواستنەوەی کوردەکان بو، لە کەمپی شاخەکانەوە، بۆ کەمپە دروستکراوەکان نزیک شاری زاخۆ (Seiple, 1995, 51).

ئەوەی گرنگ بو لە سەرەتادا، کۆکردنەوەی ئاوارە پەرش و بڵاوەکانی سەر سنور بو، کە لە (43) شوێنی جیاواز گرمۆڵە ببون، بۆ ئەم مەبەستە (هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت) (SOF)، هەستان بە دروستکردنی چەند ئۆردوگایەکی گەورە (کەمپ)، بۆ ئاوارە کوردەکان بەدرێژایی سنورەکانی تورکیا و عێراقی، کە (15)کم لە ناوەوەی عێراق و(11)کم لە ناوەوەی تورکیا بو (Goff, 1992, 8). هەرچەندە پێشتر سەربازە تورکەکان، دەستیانکردبو بە پرۆسەی کۆکردنەوەی گروپە پەرش و بڵاوەکانی پەنابەران و کۆکردنەوەیان لە چەندین یەکەی گەورەتر، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی ئۆپەراسیۆنەکان، یەکەکانی هێزە تایبەتەکان (SOF) بە شێوەیەکی سەرەکی ئاوارە کوردەکانیان لە (8) کەمپی[4] سەرەکی لە ناوچە شاخاوییەکان دا کۆکردەوە، کە هەریەکەیان بە ناوی شارۆچکە یان گوندەکانی نزیک لە کەمپەکان ناسێنران (Rudd, 2004, 66)، بەڵام دۆناڵد گۆڤ بەشێوەیەکی گشتی ئاوارەکانی دابەشکردوە بەسەر (11) کەمپی[5] نیشتەجێبوندا (Goff, 1992, 7). ستافی (JTF-A) کارمەندەکانی خۆی لە سێ فرۆکەخانە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا جێگیرکرد کە بریتیبون لە بنکەی ئاسمانی ئینچەرلێک، باتمان، دیاربەکر (Goff, 1992,8). ستافی (JTF-A) بەرپرسیاربون لە پێکهاتەی یەکەمی ئەرکەکەیان، کە بریتیبو لە کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و ڕاگرتنی نەهامەتییەکان، لە هەمان کاتدا سەقامگیرکردنی دۆخەکە لەناو کەمپەکاندا (Seiple, 1995, 51).

لە سەرەتادا ئەمریکا بە بەهای (10) ملیۆن دۆلاری هاوکاریی مرۆیی دابینکرد. دوابەدوای ئەوە، لە 8ی نیسانی (1991)، سەرکردەکانی ئەوروپا، لە لۆکسمبۆرک ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بە بەهای (180) ملیۆن دۆلار، هاوکاری ئابوری پێشکەش بە کوردەکان بکەن (Goff, 1992, 5). هەر لە هەفتەی یەکەمدا زیاتر لە (1.7) ملیۆن پاوەند بۆ ئاوارەکان سەرفکرا، کە خواردن و ئاو و جلوبەرگ و چادر و بەتانی لەخۆگرتبو (Franke, 2004, 7) . ئەم هاوکارییانە، یەکەمجار بە فرۆکە لە ڕێگەی پەڕشوتەوە خرانە خوارەوە (مەحمود، 2001، 80)، بەدرێژایی (206) میل لە ناوچە سنورییەکان تورکیا و عێراق (Goff, 1992, 2).

دابەزینە ئاسمانییەکان، لەگەڵ ئەوەی جلوبەرگ و خۆراک و بەتانی بۆ ئاوارەکان دابینکرد، بەڵام نەیانتوانی کێشەی پاکوخاوێنی و تەندروستی، لە ناو کەمپەکان چارەسەر بکات، گرنگترینیان پاکوخاوێنی و ئاوەڕۆی کەمپەکان بو. ستافی (JTF-A) بەخێرایی پلانێکی وردی کارکردنی ئامادەکرد، کە لە لایەک داوای زیادکردنی پێداویستی فریاگوزاری و کارمەندانی کاروباری مەدەنی کرد، لەلایەکیترەوە لە ڕێگەی پەیوەندییە دبلۆماسییەوە فشاریان خستەسەر حکومەتی تورکیا تا مەرجەکانی گومرگی سوک بکات، لە پێناو هێنانی کەرەستە و کەلوپەلی زیاتر، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پاکوخاوێنی لە ناو کەمپەکان (Rudd, 2004, 50). ستافی (JTF-A) توانییان پاکوخاوێنی و ئاوی پاک بۆ ئاوارەکان ڕێکبخەنەوە. ئەوەش بە ڕاکێشان و گواستنەوەی ئاوی پاک لە سەرچاوەی بەرزاییەکانەوە بۆ ناو کەمپەکان، کە بە سیستەمێ بۆری دروستکراو ڕاکێشرا بۆ ناو کەمپەکان. دواتر بە هەوڵی هێزە تایبەتییەکان و ڕێکخراوەکان لە زۆرێک لە کەمپەکاندا ئەم سیستەمەیان پەرەپێدا و لەگەڵ ئەوەشدا دابینکردنی ئاوی پاک بۆ ئاوارەکان، بەدرێژایی ئۆپەراسیۆنەکە وەک ئەرکێکی گرنگ مایەوە (Rudd, 2004, 87)، پاشان چارەسەری ئەو کەسانەیان کرد کە بریندارببون، هاوکات بەشدارییان لە چەندین ئۆپەراسیۆن فریاگوزاری کرد، هەر لە خستنە خوارەوەی پێداویستییە مرۆییەکان و گواستنەوەی هاوکارییەکان بە فرۆکە و بە بارهەڵگر بۆ ئاوارەکان، هەروەها کارکردن لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی ناو کەمپەکان بۆ بەڕێوەبردن و دابەشکردنی هاوکارییە مرۆییەکان (Seybolt, 2008, 107).

قەبارەی فریاگوزاری پێویست و کێشە لۆجستیکییەکانی زەوی ناوچە شاخاوییەکان و کێشە ئەمنییەکانی ناوچەکە، بەو مانایە بو کە تەنیا هێزی سەربازی دەیتوانی بە سەرکەوتویی ڕۆڵی ڕزگارکەر بگێڕێت. هاوپەیمانان نەک هەر داواکارییەکانی ئەو کارەیان بەدیهێنا، بەڵکو لە ئەرکەکەیاندا سەرکەوتو بون. نزیکەی (8) هەزار هێزی هاوپەیمانان ڕاستەوخۆ بەشدارییان کرد لە هەوڵە فریاگوزارییەکان، کە نیوەیان ئەمریکی بون. لە ڕۆژانی سەرەتای ئۆپەراسیۆنی فریاگوزاریدا، دەستیانکرد بە پێوانەکردنی زەوییە شاخاوییەکان و پێشکەشکردنی هاوکاری پزیشکی بەپەلە بۆ ئاوارەکان. هێزەکانی هاوپەیمانان پسپۆڕانی لۆجستیکیان لەخۆگرتبو، کە هەماهەنگی گواستنەوەی پێداویستییەکانی فریاگوزارییان دەکرد بە هێلیکۆپتەر، کە زۆرترین بڕی هاوکارییە مرۆییەکانیان لە ماوەی چەند ڕۆژێک بە فڕۆکە گواستەوە بۆ کەمپەکان (A Staff Report,1991, 14).

هاوکارییەکان بێگرفت ڕێی نەدەکرد. هێزی ئاسمانی (AFFOR) سەر بە (JTF-PC) کە پێکهاتبون لە فڕۆکەی (C-130) و فڕۆکەی جەنگی (ئەسکۆرتی) لە ماوەی پێنج ڕۆژی یەکەمدا، (136) تۆن ژەمە خۆراک، (67.500) لیتر ئاوی دەببە، 35 تۆن بەتانی، 400 چادریان گەیاندە کەمپی ئاوارەکان. هەرچەندە

فڕۆکەی (C-130) خێراترین ئامرازی لۆژیکی بو بۆ یارمەتیدان لەم دۆخەدا، بەڵام خستنە خوارەوەی کەلوپەل بە فڕۆکە زیانی خۆی هەبو، چونکە لە کاتی خستنە خوارەوەی پێداویستییە مرۆییەکان، چەندین ئاوارە لە ئەنجامی بەرکەوتن گیانیان لە دەستدا (Clary, 1994, 9). جگەلەوەی بەشێک لە پێداویستییە ئاسمانییەکان، لەناو کێڵگە مین ڕێژکراوەکان کەوتنەوە، ئەمەش بەدەستهێنانەوەیان مەحاڵ بو (Rudd, 2004, 77). لە لایەکی دیکە، بەشە خۆراکەکان لە قۆناغی سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەدا برسێتییان ڕاگرت، بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا کەموکوڕیی خۆی هەبو. چونکە ئەم ژەمە خواردنە ئامادە کراوانە، خواردنی پەسەند کراوی کورد نەبون. هەندێکیان پێکهاتەی گۆشتی بەرازیان تێدا بو، کە لەگەڵ ئایینی موسڵماناندا نەدەگونجان و زۆر پێکهاتەی دیکەیان تێدابو کە نامۆبون بە کولتوری خواردنی کوردی (Rudd, 2004, 88). جگە لەوەش گروپ و ڕێکخراوە بە خشەرەکان، زۆربەی ئەو جلوبەرگ و پێداویستییانەی کە ناردبویان دەستی دو بو، زۆرێک لە ئاوارەکان ناڕەزاییان دەردەبڕی کە جلوبەرگی بە کارهێنراویان پێ بدرێت (Rudd, 2004, 92).

جوناتان ڕاندال دەڵێت: "هاوکارییە مرۆییەکانی کوردەکانی تورکیا، کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا پێشکەش بە برا کوردە ئاوارەکانی خۆیان کرد، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبو لە کەمکردنەوەی ئێش و ئازارەکان" (ڕاندال، 1997، 94). هاوکات، حکومەتی تورکیا بەشدارییەکی بەرچاوی لە هەوڵە فریاگوزارییەکاندا کرد، لە دروستکردنی ڕێگاوبان و دابینکردنی ئاو و پێداویستییە سەرەتاییەکان بۆ ئاوارەکان، هەروەها ڕۆڵی گرنگیان بینی لە کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخۆشی و مردن ئەویش بە دابینکردنی ڕێژەیەکی زیاتر لە ئاوی خواردنەوە. بۆ نمونە لە کەمپی کوکورکا، تا وەکو 17ی نیسان تەنیا (7) لیتر ئاو بۆ هەرکەسێک لە ڕۆژێکدا بەردەست بو، بەڵام دواتر ئەم برە زیادکرا بۆ (15) لیتر بۆ هەرکەسێک لە ڕۆژێکدا، ئەمەش کاریگەری هەبو لەسەر کەم بونەوەی سکچونی مەترسیدار و نەخۆشی لە ناو ئاوارەکاندا (Seybolt, 2008, 109).

ئەرکی ستافی (JTF-A) زۆر هەستیار بو، چونکە ئەم هێزە لە لایەک خۆی لە ڕوبەڕوبونەوەی هێزەکانی عێراق بە دورگرت و نەیدەهێشت پێکدادانی سەربازی دۆخەکە زیاتر بشێوێنێت، لە لایەکی دیکەوە هەوڵە فریاگوزارییەکانی زۆر بە خێرایی خستە سەرپێ. ئەمەش وایکرد ڕێکخراوەکانی فریاگوزاریی دڵنیابن لە بەشداریکردن لە پرۆسەی پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی لە سنورە پڕکێشەکان، ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات، بەبێ دەستێوەردانی مرۆیی سەربازی ستافی (JTF-A)، ئاوارەکان بە ئاسانی دەستیان بە هاوکارییە مرۆییەکان نەدەگەیشت (Seybolt, 2008, 111).

## باسی دووەم: ڕەهەندی مرۆیی بڕیاری 688 و دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین (NO FLY ZONE) لە باشوری کوردستان.

پێشکەش کردنی هاوکاری مرۆیی و دابین کردنی خواردن و کەلوپەل و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان بۆ ئاوارەکان. کێشەی بنەڕەتی ئاوارەکانی چارەسەر نە دەکرد، بۆیە وڵاتانی هاوپەیمانی چەند هەنگاوێکی گرنگتریان گرتەبەر لە پێناو پاراستنی کوردەکان و بەردەوامیدان بە هەوڵە فریاگوزارییەکان.

ئەنجومەنی ئاسایش نەیدەتوانی خۆی لەبەر پرسیارێتی بەدوربگرێت و دەستێوەردان نەکات. لە ئەنجامی بارێکی دەرونی ناسک، لە بەرامبەر کۆڕەوی ملیۆنی کورد بۆ وڵاتانی دراوسێ، لە ژێر فشاری ڕای گشتی، جیهانی پەشۆکا، بۆ چارەنوسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هەندێ وڵات داوایان لە ئەنجومەنی ئاسایش کرد بە زوترین کات دەستێوەردان بکات لە کێشەکەدا (خۆشناو، 2004، 103).

سەرۆکی فەرەنسا (فرانسوا میتێران) (1981-1995) ڕایگەیاند کە "دەسەڵاتی سیاسی و ئەخلاقی ئەنجومەنی ئاسایش(UNSC)، زیانێکی زۆری پێدەگات ئەگەر پارێزگاری لە کوردەکانی عێراق نەکات"(Cockayne and Malone ,2006, 126)، فرانسوا میتێران، زۆر گرنگی بەم پرەسە ئەدا، بۆیە لە بەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەی وتی "لە گرنگترین بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسی و ئەخلاقی گەلی فەرەنسی، وەستانە لەپاڵ گەلانی چەوساوە، بۆیە گەلی کورد ڕوبەڕوی جینۆسایدێکی بەکۆمەڵ بونەتەوە، پێویستە و ئەرکی سەرشانمانە لە پاڵیان بوەستین"، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆک میتران دەستی کرد بە چەندین پەیوەندی لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتە ئەوروپییەکان، بەریتانیا یەکەم وڵات بو لە وەڵامدانەوەکەدا، سەرۆکی پارتی پارێزگاران (مارگرێت تاتشەر) (1925-2013)، سەرۆک وەزیرانی پێشوی بەریتانیا، وەڵامی دەست پێشخەرییەکەی سەرۆکی فەرنسای دایەوە پاشان (جۆن مێجەر) (1990-1997) سەرۆک وەزیرانی دوای (مارگرێت تاتشەر)، کە لە پارتی پارێزگاران بو، لەگەڵ (مارگرێت تاتشەر) و سەرکردەکانی پارتەکانی بەریتانیا کۆبویەوە، وتی "بەریتانیای مەزن بەرپرسە لەڕوی ئەخلاقییەوە لەو تراژیدیایەی کە بە سەر گەلی کورد دا دێت، کە نیشتمانەکەیان بەپێی ڕێکەوتنامەی سایکس بیکۆ دابەشکرا" (سنجاری، 2012، 97).

لە 3ی نیسان سەرۆک (فەرەنسوا میتران)، وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی (برنارد کۆشنەر)ی نارد بۆ ئەنقەرە، بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا ڕێکبکەون، لەسەر بنەمایەکی یاسایی بۆ دەرکردنی پرۆژە یاسایەک لە ئەنجومەنی ئاسایش، کە ئامانجی پاراستنی کوردەکان بو لە ناوخۆی عێراق (حسين و علي، 2018، 176). لەئەنجامی سەردانی (برنارد کۆشنەر) بۆ ئەنقەرە، هەردولا ڕێکەوتن لەسەر پرۆژە بڕیارێکی هاوبەش بۆ پاراستنی کوردەکان (ڕاندال، 1997، 88). ئەوەی لە هەموی گرنگتر بو ئەوە بو کە (ئەبراموفیتز)ی باڵوێزی ئەمریکا لە تورکیا، (جەیمس بەیکەر) (1989-1992)، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا

ڕازی کرد، کە سەردانی خێوەتگەی گەورەی ئاوارەکان لە (کوکورکا)ی بکات، لە ناوچە شاخاوییەکانی نزیک سنورەکانی تورکیا و عێراق (ڕاندال، 1997، 92). سەردانی (جەیمس بەیکەر) بۆ لای ئاوارەکان، کاریگەریەکی گەورەی بەجێهێشت، دوای گەڕانەوەی دەستبەجێ تەلەفۆنی بۆ (جۆرج بۆش)ی باوک و (دیک چینی) وەزیری بەرگری و (خافێر پیریز دیکۆیلاری) (1982-1991) سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان کرد، هەر بۆیە ئەوکات (جۆرج بوش)ی باوک وازی لە کەلەڕەقی خۆی هێنا و متمانە و باوەڕی بە (جەیمس بەیکەر) کرد و بڕیاری دا ئەو پەڕی یارمەتی سیاسی و سەربازی و ئابوری، بۆ کوردە ئاوارەکان دابینبکات (الزيباري،2002، 287).

پاشان هەردو دەوڵەتی (تورکیا و ئێران) ناچاربون، نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش بە ڕەسمی ئاگادار بکەنەوە بە دو نامەی یەک لە دوای یەک، کە لە ڕێکەوتی 3و4ی نیسانی (1991)، ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایش کرابو (مەحمود، 2001، 70). ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر بنەمای نامەی نوێنەرانی تورکیا و فەرنسا و ئێران کاری کردو، کە لەم سێ نامەیەدا ئاماژە بە گەورەیی ئازارەکانی پەنابەرانی کورد و سیما نێودەوڵەتییەکانی قەیرانەکە و لێکەوتەکانی بۆ ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە خرابوەڕو (Koshy, 1996, 2760). هەروەها بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕۆژی 3/20 (1991) بە ژمارە (S/22366)، ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد (S/22366 20 Maech 1991)، پاشان لەسەر داوای فەرەنسا وەک ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش (غەفور، 2000، 33) . کە لە 5ی نیسان (1991) پرۆژە بڕیارێکی پێشکەش ئەنجومەنی ئاسایش کرد (خۆشناو، 2004، 104)، تیایدا داوای کردبو لەسەر بنچینەی مرۆیی دەست لە کاروباری عێراق وەربدرێت، ئەنجومەنی ئاسایش، دوای هەموار کردنی پرۆسەی ناوبراو، بڕیارەکەی ڕاستاند (مەحمود، 2001، 69) . هەر هەمان ڕۆژ بڕیاری 688 دەرکرد (S/RES/688/1991). ئەم بڕیارە پێکهاتوە لە پێشەکیەک و هەشت ماددەی سەرەکی، بە بڕیاری ژمارە(15) دادەنرێت بەپێی ڕیزبەندی ئەو بڕیارانەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان دژی عێراق دەریکردوە (محمود، 2008، 132)، کاتێک پرۆژە بڕیارەکە پێشکەش کرا هەریەک لە بەریتانیا و ئەمریکا پشتگیریان کرد، 10 ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش دەنگیان لەسەر دا، سێ دەوڵەتی ناهەمیشەیی دژی بڕیارەکە دەنگیاندا، دو دەوڵەتی ئەندامیش دەنگیان نەدا[6] بە بڕیارەکە (العتبي، 2009، 72).

ناوەڕۆکی ئەم بڕیارە ئاماژە بۆ نیگەرانییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەکات سەرکۆنەی سەرکوتکردنی هاوڵاتیانی مەدەنی عێراقیی و بەتایبەتی ناوچە کورد نشینەکان دەکات، کە بوەتە هۆی ئاوارەبونی بە لێشاو خەڵکی بەرەو سنورە هەرێمییەکان (Gallant, 1992, 882). لەم بڕیارەدا پێداگیری کراوە لەسەر ئەوەی

عێراق دەستبەجێ ڕێگە بدات بە گەیشتنی ڕێکخراوە مرۆییەکان وڵاتان، بۆ فریاکەوتنی هەمو ئەوانەی پێویستیان بە کۆمەک و یارمەتییە لە سەرانسەری ناوچەکانی عێراق (Whitesell, 2020, 474).

ئەم بڕیارە بوە هۆکاری هاتنی ڕێکخراوە فریاگوزارییەکان و گەیاندنی کۆمەک و هاوکاری بۆ ئاوارە کوردەکان. وڵاتانی هاوپەیمانانی لە پێناو سەلامەتی کورد و گەیاندن و پێشکەشکردنی هاوکارییە مرۆییەکان، داوایان لە ئەمریکا کرد، کە ڕێگری بکات لە فڕینی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق لە ئاسمانی کوردستان. ئەوە بو لە 10ی نیسانی (1991)، ئەمریکا هەنگاوێکی بەرچاوی نا بۆ پاراستنی کوردەکان، بە داواکردن لە عێراق کە هەمو چالاکییە سەربازییەکانی لە باکوری هێڵی پانی (36)[7]ڕابگرێت (Malanczuk, 1991, 120 ; Clary, 1994, 10) . ئەمەش بەشێک لە خاکی کوردستانی لە سنوری تورکیاوە تا هێڵێکی باشوری موسڵی گرتەوە بەڵام ناوچەی نەوتی کەرکوک، لەدەرەوەی ناوچەی دژەفڕین مایەوە (khdhir, 2018, 322 ). بۆ ڕێگریکردن لە فڕینی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق لە سەروی هێڵی پانی (36)، ئەمریکا هێزێکی سەربازی پێکهێنا بە ناوی هێزی دەریای (Naval Force)(NAVFOR)، ئەم هێزە لە ١٠ی نیسانی (١٩٩١)، وەک سێیەم پێکهاتە پەیوەندی بە (JTF–PC ) کرد، ئەرکی سەرەکی ئەم هێزە ڕێگری بو لە فڕینی هەر فڕۆکەیەکی سەربازی عێراقی لە باکوری هێڵی پانی (36) (Goff, 1992, 8). ئەم هێزە لە 11ی نیسانی (1991) دەستی بە کارەکەی کرد، لە ژێر فەرماندەیی (ڕۆبەرت ج. سپەین) (Goff, 1992, 9). (جۆرج بوش)ی باوک لە 16 نیسانی (1991) دەسەڵاتدارانی عێراق ئاگاداركردەوە بە فڕینی هەر فڕۆکەیەک بە هەرکارێکی سەربازی لە باکوری هێڵی پانی (36)، یاخود هەر فرۆکەیەک ببێتە مایەی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر هەوڵە فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکان، ئەوا ئەمریکا ڕاستەوخۆ هێز بەکاردەهێنێت. (Malanczuk, 1991, 120 ; Mckay, 2014, 80) ئەم ئاگادارییە، جگە لە پۆلیسی ناوخۆ سەرجەم هێزی چەکداری عێراقی لە سوپا و هێزەکانی ئاسایش و ئیستخبارات و موخابەرات و ئاسایشی تایبەتی و تێکڕای دەزگاکانی دەگرتەوە (مەحمود، 2001، 83). کاربەدەستانی عێراق ڕەتیانکردەوە دان بە ناوچەکانی دژەفڕیندا بنێن، بە پاساوی ئەوەی کە لەلایەن نەتەوە یەککگرتوەکانەوە گەڵاڵە نەبوە، بەڵکو لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە تاک لایەنە سەپێنراوە ( prados, 1994, 6). لە ڕاستیدا ناوچەی دژەفڕین ئامانجی ئەوە بو کە کوردەکان دەست ڕاگەیشتنیان بە هاوکارییە مرۆییەکان ئاسانتر بکات و وروژمی ئاوەرەکان بۆ ناوچە سنورییەکان بوەستێنێت (Farha, 2019, 48)، هاوکات بۆ چاودێریکردنی دۆخەکە و دڵنیابون بو لە حکومەتی عێراق، کە تا چەند پابەندە بەجێبەجێکردنی بەندەکانی بڕیاری (688)ی ئەنجومەنی ئاسایش (مراد، 2014، 106).

**باسی سێیەم: دروستکردنی ناوچەی ئارام لە باشوری کوردستان (Safe Haven).**

هەوڵە فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ ڕێگریکردن لە کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی ئاوارەکان نا ئاسایی بو. چونکە بۆ یەکەم جار کەرتی سەربازی و ڕێکخراوە مرۆییەکان، پێکەوە کاریان دەکرد بۆ دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و ئاو و خۆراک و چاودێری پزیشکی بۆ سەدان هەزار کەس. سەرەڕای سەرکەوتنیان لە هەوڵە فریاگوزارییەکان، بەڵام ئەوە بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان ڕونبوەوە، کە هەوڵە فریاگوزارییەکان لە شاخەکاندا ناتوانرێت بەردەوامی پێبدرێت (Seybolt, 2008, 191). لەلایەکی ترەوە تەنیا باشترکردنی دۆخی ئاوارەکان لە کەمپەکانی شاخ ڕەگ و ڕیشەی کێشەکانیان چارەسەرناکات (Rudd, 2004, 107)، هەروەها بۆیان دەرکەوت جێبەجێکردنی بەندەکانی بڕیاری (688) بەم شێوەیە زۆر ئەستەمە، ئەمە سەرەڕای شکستی حکومەتی عێراق، لە جێبەجێکردنی مادده و بڕگەکانی بڕیارەکە (مراد، 2014، 104). وڵاتانی هاوپەیمان تێگەیشتن کە دابینکردنی کەرەستەی خۆراک و پێداویستییە مرۆییەکانی دیکە بۆ چارەسەری مەینەتییەکانی گەلی کورد بێ سودە، بە تایبەتی دوای ڕەتکردنەوەی ئاوارەکان بۆ گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، بۆیە بیرۆکەی دامەزراندنی ناوچەیەکی دورەدەست لە هێزەکانی عێراقی لە ناو باشوری کوردستان هاتە ئاراوە، بۆ ئەوەی ببێتە پەناگەیەکی ئارام بۆ کوردە ئاوارەکان و پارێزراوبێت لە سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق (مەحمود، 2001، 83).

تورگت ئۆزال (1989–1993) سەرۆک کۆماری تورکیا، پاش دو ڕۆژ لە دەرچونی بڕیاری (688)، لە 7ی نیسانی (1991)، بۆ چارەسەرکردنی پرسی پەنابەرانی کورد، پێشنیاری دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی لەناو باشوری کوردستاندا کرد، لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئامادەیی ئەوەشی پیشان دا بە ناردنی سەربازی تورکی، لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، بۆ پاراستنی ئەم ناوچە ئارامە (بلوک و موریس، 2009، 49). ئەمەش لەبەرئەوەی لە لایەکەوە بار قورسییەکی ئابوری گەورەی لەسەر تورکیا دروستکردبو، لەلایەکیترەوە لە ترسی ئەوەی نەکا قەیرانێک هاوشێوەی کوردەکانی عێراق لە تورکیا دروست ببێت (Harunoğlu, 2019, 9).

بۆ دەستەبەرکردنی کۆنترۆڵی گواستنەوەی کوردەکان، پارێزگاری دەسەڵاتی فریاگوزاری تورکی (کۆزاکجۆئۆغلۆ)[8]، پێشنیاری ئەوەی کرد کە بە شێوەیەکی کاتی لە ناوچەی دەوروبەری (زاخۆ) نیشتەجێ بکرێن، کە شارۆچکەیەکی سنوری عێراقییە و خاوەن پانتاییەکی دەشتی بەرفراوانە (Rudd, 2004, 62). لە ١٥ی نیساندا، (کۆزاکجۆئۆغلۆ)، ڕایگەیاند کە تورکیا بە فەرمی پشتیوانی لە هەوڵی فریاگوزاری بۆ کوردەکان دەکات. ئەم بڕیارە هەر زو شارۆچکەی سنوری سلۆپی لە وێستگەی ڕێگای زیارەتی حەج گۆڕی بۆ ناوەندێکی فریاگوزاری. (کۆزاکجۆئۆغلۆ) بە ئاشکرا بانگهێشتی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەزگا تایبەتەکانی

فریاگوزاری کرد، بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی (Seiple, 1995, 34). بەم شێوەیە بە مەبەستی هاوکاری پرۆژەکە بڕی (15.500) تۆن پێداویستی مرۆیی لە پرۆگرامی دابینکردنی ئۆپەراسیۆنی ئاسودەیی (Provide Comfort Operation)دا، پێشکەش بە کوردەکانی عێراق کرد (خارواکی، 2011، 180)، پارێزگار (کۆزاکجۆئۆغلۆ) ڕونیکردەوە، "ئێمە بانگەشە ناکەین کە باشترینمان کردوە، چونکە دۆخی نا لەباری کورد لە ڕێژەیەکی کارەسات نزیک دەبوەوە، نابێت تورکیا بۆ ئەم پرسە بە تەنیا جێبهێڵرێت. هەمو جیهان بەرپرسیارە لە ئاست ئەم کارەساتە مرۆییە (Seiple, 1995, 34).

بیرۆکەی دروستکردنی ناوچەی ئارام، لەلایەن سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا جۆن مێجەر (1990–1997) بۆ کۆمەڵگەی ئەوروپی پێشنیار کرا (Clary, 1994, 9). بۆ ئەم مەبەستە لەسەر پێشنیاری جۆن مێجەر کۆبونەوەیەک لە (لۆکسمبۆرگ) لە 8ی نیسانی (1991) بەسترا، بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام (Safe Haven) لە باشوری کوردستان، لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان (Malanczuk, 1991, 119)، (جۆن مێجەر) پشتیوانی تەواوی سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگەی ئەوروپی وەرگرت، بۆ دامەزراندنی "ناوچەی ئارام" لە ناوخۆی عێراق دا، لەم بارەیەوە گوتی: "ناتوانین هەوڵەکانمان سنوردار بکەین بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەو کارەساتە، ناتوانین تەنیا بە چارەسەرکردنی برینەکانی کورد ڕازی ببین، پێویستە هەوڵ بدرێت سنورێک بۆ ئەم خوێن ڕشتنەی (سەددام حوسێن) دابنرێت، ئەگەر نەتوانین ڕزگاریان بکەین، دەتوانین بەلایەنی کەمەوە جۆرێک لە پارێزگاری بۆ ئەو کەسانە دابین بکەین کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتوە لەلایەن ڕژێمی عێراقییەوە" (ڕاندال، 1997، 93). ئەمەش وایکرد (جۆن مێجەر)، پاکێجێکی هاوکاری وڵاتەکەی بە بەهای (20) ملیۆن پاوەند ڕابگەیەنێت و خۆراک و چادر و بەتانی بنێرێت بۆ ئاوارەکان(بلوک و موریس، 2009، 47).

(جۆن مێجەر) لە کۆبونەوەی یەکێتی ئەوروپی پلانی کارکردنیان لە چوار خاڵدا خستەڕو، کە بەنیاز بون لەسەر بڕیاری (678 و 688) ئەنجومەنی ئاسایش بنیات بنرێت، یەکەمیان: بەشداریکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەخشینی هاوکاری مرۆیی لەسەرداوای سکرتێری گشتی نەوتەوە یەکگرتوەکان (Koshy, 1996, 2762). بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی ئەوروپا بڕی (104) ملیۆن پاوەند کە دەکاتە (166.5) ملیۆن دۆلار، بە ئامانجی هاوکاری مرۆیی بۆ کوردەکانی عێراق تەرخانکرد (Mckay, 2014, 76). دوەم: پێشنیاری دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام بو لە باشوری کوردستان لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان. سێیەم: پیشنیاری مانەوەی سزاکان لەسەر عێراق تا وەکو ئەو کاتەی (سەددام حوسێن) چەوساندنەوەی کوردەکانی عێراق کۆتایی پێدەهێنێت، چوارەم: پیشنیاریکرد تا ئەو کاتەی (سەددام حوسێن) لە دەسەڵات دەمێنێت گەمارۆی تەواو لەسەر عێراق درێژە پێبدرێت (Koshy, 1996, 2762) .

(فرانسوا میتران) (1981–1995) سەرۆک کۆماری فەرەنسا، پشتگیری ئەو پێشنیارەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیای کرد، لەبەردەم سەرکردە ئەوروپییەکان لە کۆبونەوەی (لۆکسمبۆرگ) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارە کوردەکان (مراد، 2014، 104)، بەڵام ئەمریکا دژی ئەم پێشنیارەی بەریتانیا بو (الجميلي، 2003، 289). چونکە ئەمریکا بەردەوام لە کەوتنە زەلکاوی عێراق ترساوە (مستەفا، 2008، 180)، هەروەها ترسیان لەوە هەبو ئەم دەستێوەردانە ببێتە هۆی ناڕەزایی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی ڕوسیا و چین و بەرەو جەنگێکی مەترسی دارییان ببات (Harunoğlu, 2019, 8). دواتر (فرانسوا میتران) سەرکەوتو بو لە ڕازیکردنی (جۆرج بۆش)ی باوک، ئەوە بو دوای کۆبونەوەیەک لەگەڵ سەرکردەکانی ئەوروپا لە 12ی نیسان (1991)، (جۆرج بۆش)ی باوک ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ناوچەیەکی ئارام لەگەڵ سەرکردەکانی ئەوروپا و لەسەر بەرنامەیەکی شەش خاڵی ڕێککەوتن:-

1--یارمەتیدانی ئاوارەی کورد.

2- دابینکردنی پاراستن و داڵدەدان بۆ کورد.

3- دانانی پەناگەیەکی ئارام لەناو عێراقدا.

4- گەڕاندنەوەی کورد بۆ ناوچەکانی خۆی.

5-گواستنەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی فریاگوزاری بۆ دەزگا مەدەنییەکان.

6- کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانان ( Clary, 1994, 12 ; Meibauer, 2017, 108).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا تا وەکو ناوەراستی مانگی نیسانی (1991)، ڕەتیانکردەوە کە هێزی زەمینی وشکانی ئەمریکی بنێرن بۆ ناوچەکە، بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام کە پێشنیار کرابو لەلایەن ئەوروپییەکانەوە (راندال، 1997، 95).

بەڵام ڕۆژی 16 نیسان (1991) ئەو ڕۆژە گۆڕانکارییەکی چاوەڕوان نەکراو لە هەڵوێستی ئەمریکادا ڕویدا (راندال، 1997، 96 ؛ حسين و علي، 2018، 178) . چونکە فشارەکان و ڕای گشتی لەسەر ئەمریکا زیاتر بون بۆ ئەوەی کارێک بکات لەپێناو ڕاگرتنی ئەو کارەساتەی کە بە سەر کوردا هاتوە (Lyon and Dolan, 2007, 61 ). بۆیە لە ئەنجامی سور بونی ئەوروپییەکان و فشاری ڕای گشتی جیهان و گەورەیی کارەساتە مرۆییەکە، (جۆرج بۆش)ی باوک وازی لەو هەڵوێستە توندەکانی هێنا (Koshy, 1996, 2762). پاشان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە ١٦ی نیساندا، ڕایگەیاند کە سەربازە ئەمریکییەکان و هاوپەیمانەکانی دەچنە ناو عێراقەوە بۆ دروستکردنی زنجیرەیەک کەمپی پەنابەران، کە هەریەکەیان توانای نیشتەجێبونی (٦٠) هەزار پەنابەر هەبێت، ئاوارەکان بتوانن خۆراک و پێداویستییەکانی لێوەربگرن (McQueen ,2005, 28) . پاشان هێزێکی زەمینییان نارد، بە بەشداری بەریتانیا و فەرەنسا بۆ پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی

فریاگوزاری مرۆیی و دابینکردنی پەناگەی ئارام بۆ ئاوارە کوردەکان (Cockayne and Malone 2006, 127)، هەردو حکومەتی (ئەمریکا و بەریتانیا) ڕونیانکردەوە کە ئامانجەکانیان بۆ ناوچەی ئارام سنوردارە و بڵاوکردنەوەی ئەو هێزانە تەنیا تا ئەو ڕادەیە دەبێت کە بەشداری لە هەوڵە مرۆییەکان بکەن. هەروەها ناوچەکە تەنیا دەبو ئەوەندە گەورە بێت کە پەناگەیەکی کاتی دابینبکات تا ئەو کاتەی ئاوارەکان هەست بە ئاسایش دەکەن کە بتوانن بچنەوە ماڵەوە (Orchard, 2014, 10). ئەم ڕاگەیاندنە ڕێگەی خۆشکرد بۆ گەورەترین ئۆپەراسیۆنی فریاگوزاری نێودەوڵەتی لە دوای جەنگی دوەمی جیهانییەوە (A Staff Report, 1991, 9).

دروستکردنی ناوچەی ئارام[9] بۆ یەکەم جار لە مێژودا لە نیسانی(1991) بۆ بە هاناوەچونی کوردەکانی عێراق ئەنجام درا (خۆشناو، 2004، 59). وڵاتانی هاوپەیمانی پشتیان بە بڕیاری (688) و پاساوی مرۆیی بەست، بۆ دەستێوەردانی سەربازی مرۆیی لە عێراق، بەمەبەستی دامەزراندنی ناوچەی ئارام و ناوچەی دژەفڕین لە سەروی هێڵی 36 و قەدەغەکردنی فڕین لە باکوری ئەو وڵاتەدا (مەحمود، 2001، 77 ).

لە پێناو بەشداریکردنی گەلان لە ئۆپەراسیۆنەکانی فریاگوزاری مرۆیی بۆ دامەزراندنی ناوچەی ئارام، هێزێکی نوێ لە 16ی نیسانی (1991) پێکهێنرا، بە ناوی (هێزی ئەرکی یەکگرتو(تێکەڵاو)-دابینکردنی ئاسودەیی) (CTF-PC) ( COMBINED TASK FORCE-PROVIDE COMFORT)، (جۆن ئێم شالیکاشڤیل)ی وەک فەرماندەی (CTF-PC) دەستنیشان کرا ( Goff, 1992, 9). (شالیکاشڤیلی)، ژەنەراڵ (جەی گارنەر)ی وەک جێگری خۆی دیاریکرد (Rudd, 2004, 107). لە پێکهێنانی ئەم هێزەدا (13) دەوڵەت[10] بەشدارییانکرد و (30) دەوڵەتیش[11] بەشدار بون لە دابینکردن و پێشکەشکردنی هاوکارییە مرۆییەکان. لە ماوەی مانگی نیسان و ئایار دا ئەم دەوڵەتانە هێزی ئاسمانی، دەریایی، زەمینی و ڕێکخراوە فریاگوزارییە مەدەنییەکانیان بڵاوکردەوە بۆ پشتگیریکردن لە ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسودەیی (Goff, 1992, 9 ). پێکهاتەی ئەم هێزە نوێیە (CTF-PC)، لەیەکگرتنی هێزی فرەنەتەوەکان (AFFOR و NAVFOR و JTF-A) دروست بو، واتە هەمو ئەو هێزانەی کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی (JTF-PC) بون، گوازرانەوە بۆ (CTF-PC). پاشان دو بارەگای تر بۆ ژێر دەسەڵاتی (CTF-PC ) زیادکرا، لەپێناو جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسودەیی.

کە بریتی بون لە (هێزی ئەرکی هاوبەش-هاندانی هیوا)، کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (هێزی ئەرکی هاوبەش- براڤۆ) (Joint Task Force- Bravo) (JTF-B)، کە لە 17ی نیسانی (1991)، لەژێر فەرماندەیی ژەنەڕاڵی (گارنەر) دامەزرا، بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ناوچەی ئارام و نیشتەجێکردنەوەی ئاوارە کوردەکان لە باشوری کوردستان. هەروەها (فەرماندەیی هێزی هاریکاری ئەمریکا) ( The) (CSC

U.S. Army Combined Arms Support Command) بە فەرماندەیی ژەنەراڵ(هارۆڵد ئی) لە1ی ئایاری(1991 )دامەزرا[12]، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەمو پێداویستییە لۆجستییەکان بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی و پێداویستییەکانی هاوپەیمانان ( Goff, 1992, 12).

هێزی ئەرکی تێکەڵاو -دابینکردنی ئاسودەیی (CTF-PC)، جگە لە پشتگیریکردن لە شەش خاڵی بەرنامەی مرۆیی سەرکردەکانی ئەوروپا، ئەرکی سەربازی دیکەی هەبو کە دەبو ئەنجامی بدات (Goff, 1992, 14 )، کە بریتیبون لە: دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لە باشوری کوردستان، بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان و پاراستنی باڵادەستی ئاسمانی بەسەر باشوری کوردستان، لە هەمان کاتدا دەبێت پشتگیری لە هەوڵە بەردەوامەکانی فریاگوزاری و هاوکاری مرۆیی بکردایە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا، لەگەڵ دوبارە بنیاتنانەوەی بەشێک لە ژێرخانی مەدەنی ناوچەکانی کوردستان (Rudd, 2004, 107). بۆ ئەم مەبەستە لە ناوەڕاستی مانگی نیساندا، (جەیمس بیکر) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، (عەبدولئەمیر) ئەنباری باڵیۆزی عێراق لە نەتەوە یەکگرتوەکانی ئاگادارکردەوە، کە هێزەکانی هاوپەیمانان، بەنیازن لە داهاتویەکی نزیکدا ئۆپەراسیۆنی مرۆیی لە شارۆچکەی زاخۆ دەست پێبکەن. ناوبراو ئەم کارانەی خوارەوەی دیاریکرد، یەکەم: عێراق سەرجەم هێزە چەکدارەکانی لە (30)کلم لە باشوری زاخۆ بکشێنێتەوە، دوەم: کۆبونەوەی ڕاوێژکاری نێوان کارمەندانی سەربازی ئەمریکا و تیمێکی سەربازی عێراقی ئەنجام بدرێت (Brown, 1995, 54).

ژەنەڕاڵ (شالیکاشڤیلی) لە 19ی نیساندا، بەیاننامەکەی پێشکەش بە جێگری فەرماندەی عێراق کرد و ئاگاداریکردەوە لە نیازی هاوپەیمانان بۆ چونە ناو باشوری کوردستان (Rudd, 2004, 114). لەم بەیاننامەیەدا داوا کرابو کە هەمو سەربازەکانی عێراقی و هێزەکانی پۆلیس، ڕوبەرێکی (30)کم بە تیرەی دەوروبەری شارۆچکەی (زاخۆ) چۆڵ بکەن، کە لە سەعات 8 بەیانی 20ی نیسانی (1991) پرۆسەکە دەست پێدەکات (Goff, 1992, 18).

ئەو هێزانەی کە لە بەردەستدا بون بۆ هێرشەکە بریتیبون لە: یەکەی(24ی گەشتیاری دەریایی) (24 MEU)[13] ، لە لایەن (جیم جۆنزەوە) فەرماندەیی دەکرا. فڕۆکە جەنگییەکانی ( (USS Teddy Roosevelt TF-60)) کە لە سەر کەشتییە جەنگییە بارهەڵگرەکان، لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست جێگیرکرابون. لەگەڵ فڕۆکە جەنگییەکانی (USAF )کە لە بنکەی ئاسمانی ئەمریکی لە ئینچەرلێک جێگیرکرابون (Goff, 1992, 17). بە کۆی گشتی نزیکە 15 هەزار سەرباز بون (Mckay, 2014, 80). هاوکات هێزی (-CTF PC ) بە ئامانجی دروستکردنی ناوچەی ئارام، لە 19ی نیساندا بارەگاکەی لە (ئینچەرلێک و سلۆپی) لە تورکیاوە گواستەوە بۆ باشوری کوردستان. لە 19ی نیساندا، هێزەکانی (JTF-B) ڕویان لە شارۆچکەی

(زاخۆ) کرد (Seiple, 1995, 62)، ڕۆژی دواتر چونە ناو باشوری کوردستان. ئەرکی (JTF–B) ئامادەکردنی شارۆچکەی (زاخۆ) بو بۆ کوردەکان و پاشان کار ئاسانی کردن بو بۆ گواستنەوەیان بۆ ماڵەکانی خۆیان (Seiple, 1995, 41).

هاوپەیمانان بۆیان دەرکەوت سەربازە عێراقییەکان، نە لە شارۆچکەکە و نە لە لادێکانی دەوروبەری نەکشاونەتەوە. ئەمەش مەترسی ڕوبەڕوبونەوەی لە نێوان ئەو دو هێزەدا دروستکرد (Rudd, 2004, 115) . لەم پێشهاتەوە، هێزەکانی(CTF–PC) ناوەندێکی هەماهەنگی سەربازییان لە زاخۆ پێکهێنا[14] (MCC- The Military Coordination Center) (Kramlinger, 2001, 23)، بە ئامانجی دروست نەبونی هیچ پێکدادانێک لەگەڵ هێزە عێراقییەکان. ناوەندی هەماهەنگی سەربازی (MCC) لە دانوستانەکانی نێوان ژەنەڕاڵ (شالیکاشڤیلی) و ژەنەڕاڵی عێراق (سابر عەبدولعەزیز)[15]، لە 19ی نیسانی 1991 لە خاڵی سنوری تورکیا و عێراق دامەزرا. ئەرکی ئەم ناوەندە سەربازییە (MCC)، ئەوە بو کە ڕۆژانە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سەربازی و مەدەنی عێراقدا هەبێت بە مەبەستی کەمکردنەوەو نەهێشتنی هەر ناکۆکیەک لەگەڵ هێزەکانی (JTF–B)، کە لە 20 نیسانی 1991هاتبونە ناو باشوری کوردستانەوە. یەکەم کۆبونەوەی هەماهەنگی سەربازی (MCC) لە 21ی نیسانی (1991) لە نێوان ژەنەڕاڵ (گارنەر) و ژەنەڕاڵی عێراقی (نەشوان)[16] لە زاخۆ لە کوردستان ئەنجام درا، بۆ چارەسەرکردنی ڕوداوەکان لە ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی هاوپەیمانی وهێزە عێراقییەکان (Goff, 1992, 13).

ژەنەڕاڵ نەشوان نارەزایی دەربڕی بەرامبەر بە هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ناو عێراق، بەڵام بە ناچاری دانی بە بەیانەکەی ژەنەڕاڵ (شالیکاشڤیلیدا) نا (Rudd, 2004, 115) . عێراقییەکان دەستیانکرد بە کشانەوە لە ناوچەی ئارام بە ڕوبەری (30)کم بەبێ ئەوەی تەقە بکرێت (Goff, 1992, 25). هەر لە یەکەم ڕۆژی چونە ناوەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ناو شارۆچکەی زاخۆ، بۆ پیشاندانی نیازی مرۆیی خۆیان، دەستیانکرد بە دروستکردنی یەکەم کەمپی (کاتی) بۆ ئاوارەکان، تا وەکو کۆتایی مانگی نیسان، ناوچەی ئارام (Safe Haven) بە مەبەستی گەڕاندنەوەو جێگیرکردنی کوردە ئاوارەکان دامەزراند (Seiple, 1995, 62). بەڵام لە 23ی نیساندا، پێش ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بازگە لە دەروازەی شاری زاخۆ دابمەزرێنن، نزیکەی (300) پۆلیسی تایبەتی لە بەغداوە نێردرابون بۆ ناو شارەکە (Rudd, 2004, 117). ئەم پۆلیسانە مەترسیان دروستکرد لە سەر ئەو کەمە دانیشتوانە کوردەی کە لە زاخۆ مابونەوە، چونکە هەمو ماڵەکانیان پشکنی بو، چ کەلوپەلێکیان بویستایە تالانیان دەکرد، ئاوارە کوردەکانی شاخ، بەم هۆکارە نەدەگەڕانەوە، بەو پێیەی پۆلیسی عێراق لە ناو شارۆچکەیە بو. ئەمە یەکەم تاقیکردنەوەی عێراقی بو بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئیرادەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە دامەزراندنی ناوچەی ئارام (Goff, 1992, 27). بۆ

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ژەنەراڵ (گارنەر) داوایەکی ئاراستەی ژەنەراڵ (تۆمسۆن) کرد کە پلانێک دابڕێژێت بۆ نەهێشتنی هەڕەشەکانی ئەم پۆلیسە تایبەتانە (Rudd, 2004, 117) . ژەنەراڵ (گارنەر) بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ئەفسەری باڵای عێراقی لە ناوچەکە ئاگادارکردەوە کە ئەو پۆلیسانە لە شارەکە دەربهێنێت، ئەگەر نا کێشە دروست دەبێت. لە کۆتاییدا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر لابردنی هەموویان جگە لە پەنجا پۆلیس. پاشان لە ڕۆژی 27 نیساندا، لەلایەن کوردێکەوە نارنجۆکێک فڕێدرایە ناو بنکەی پۆلیسەکان لە زاخۆ، کە بوە هۆی کوژران و بریندار بونی چەند کەسێک، ئەمەش کێشەکەی بۆ گارنەر چارەسەرکرد. ئەو پۆلیسانەی کە مابونەوە بە خێرایی شارەکەیان بەجێهێشت(Rudd, 2004, 118) . پاش ئەوەی (JTF-B) بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵ (گارنەر) هاتنە ناو باشوری کوردستان و ناوچەیەکی ئارامیان دروستکرد بە نزیکەی (١٤٤)کم لە میحوەری ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا، زیاتر لە(٣٢)کم لەسەر میحوەری باکور-باشور پێوانە بو (Seiple, 1995, 46).

## باسی چوارەم: ڕۆڵی سوپای هاوپەیمانان لە گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان و بنیاتنانەوەی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان.

دوای ئەوەی هاوپەیمانان بەسەر کەوتوی هاتنە ناو شارۆچکەی (زاخۆ)، ناوچەیەکی ئارامیان، دور لە دەستی حکومەتی عێراق دامەزراند، دەستیانکرد بە پیشکەشکردنی هاوکارییە مرۆییەکان و نۆژەنکردنەوەی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی دڵنیایی بدەنە ئاوارەکان و بۆ ئەوەی بە زوترین کات بگەڕێنەوە سەر ماڵەکانی خۆیان.

بۆ ئەم مەبەستە سوپای هاوپەیمانان لە دوەم ڕۆژی ئۆپەراسیۆنەکەدا نۆژەنکردنەوەی پردی زاخۆیان ئەنجامدا. دواتر ئەندازیارانی ستافی ( MEU 24)، یەکەم کەمپیان لە (زاخۆ) دامەزراند. پاشان وێستگەیەکی پاککردنەوەی ئاویان بۆ شارۆچکەی (زاخۆ) لەسەر ڕوباری زاب دامەزراند، لە پێناو گواستنەوەی ئاوی پاک بۆ دانیشتوانی شارەکە (Goff, 1992, 25-26) .

قۆناغی دواتر گواستنەوەی ئاوارەکان بو لە کەرتی ژەنەراڵ (پۆتەر)ەوە بۆ کەرتی ژەنەڕاڵ (گارنەر). (گارنەر) ڕوبەڕوی ئاڵۆزترین ئەرکەکانی بوەوە کە بریتی بو لە: گواستنەوەی ئاوارەکان لە شاخەکانەوە بۆ ناوچەکانی شارۆچکەی (زاخۆ) دەور و بەری. ستافی (CTF-PC)، سەرەتا پلانیان دانا بۆ دامەزراندنی (10) ناوەندی ترانزێت لە کەرتی (JTF-B) کە هەریەکەیان توانای لەخۆگرتنی (20) هەزار ئاوارەیان هەبێت (Seiple, 1995, 46). بۆ نیشتەجێکردنی (200) هەزار ئاوارەی کورد لە ناوەندی ترانزێت (کەمپەکان)، دامەزراندنی ئەم کەمپە کاتیانە ئەرکێکی گرنگ وگەورە بو لە هەوڵە فریاگوزارییەکانی (JTF-B) بۆ گەڕانەوەی کوردەکان ( Goff, 1992, 39).

بۆ هەڵسەنگاندن و هاوکاریکردن لە نیشتەجێکردنەوەی کوردەکان، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەرەتای مانگی نیساندا گرێبەستێکی لەگەڵ ڕاوێژکارێکی پسپۆر لە بواری ئۆپەراسیۆنەکانی فریاگوزاری و کارەساتەکان بە ناوی (فرێد کونی)[17] ئەنجامدا. فرێد کونی سیاسەتێکی تایبەتی بە کار هێنا بۆ هێنانە خوارەوەی ئاوارە کوردەکان لە شاخەکان (Seiple, 1995, 46). چونکە گواستنەوەی کورد لە شاخەکانەوە پرسێکی سیاسی هەستیار بو، چونکە لە لایەکەوە تورکەکان نەیاندەویست لەسەر سنوری ئەو وڵاتە بمێننەوە، لە لایەکیترەوە سەرکردەکانی کورد بە ئاشکرا ڕایانگەیاندبو کە تا سەلامەتیان لە باشوری کوردستان دڵنیانەکرێتەوە، ناگەڕێنەوە (Seiple, 1995, 46). لە کۆتاییدا وەک (دەیڤید جۆنز)، جێگری بەڕێوەبەری ئۆکسفامی بەریتانیا[18]، باس لەوە دەکات، بارودۆخی کورد دەرئەنجامی جەنگی کەنداو بو "ئێمە لەڕوی ئەخلاقییەوە بەرپرسیار بوین. تاکە بژاردە ئەوە بو کە بیانبەینە خوارەوە. بەڵام چۆن کوردەکان بهێنینە خوارەوە؟ (Seiple, 1995, 43,45)

(فرێد کونی) چەند هەنگاوێکی گرتەبەر: یەکەم هەنگاو دانان و دروستکردنی چەند ئۆردوگایەیەکی (کەمپ) کاتی نیشتەجێبون بو، پێشنیاریکرد کەمپەکان نزیک زاخۆ بنیات بنرێت. چونکە تا کەمپەکان لە زاخۆ نزیک بن باشترە و گەیاندنی ئاو و کارەبا و خزمەت گوزارییەکانی ئاسانتر دەبو. سەرەڕای ئەوەش، ئەگەری ئەوە زیاتر بو کە دانیشتوانی ڕاستەقینەی زاخۆ بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان. ئەم پرۆسەیەش سەقامگیریی ناوخۆیی دەستبەجێ دروست دەکات و بوارێکی زیاتر بۆ کوردەکانی ناو کەمپەکان دەڕەخسێنێت کە خەڵکی دەرەوەی ناوچەی زاخۆن. جگە لەوەش (فرێد کونی) دیزاینەری سەرەکی خودی کەمپەکان بو (Seiple, 1995, 47)، بۆ ئەم مەبەستە (فرێد کونی) پەیوەندی لەگەڵ چەندین ئەفسەری مەدەنی (CIVIL AFFAIRS) (CA) ژەنەڕاڵ (کامپبێل) هەبو، بۆ ئەوەی بە جۆرێک دیزاینی کەمپەکان ڕێکبخرێت، کە لەگەڵ کولتوری کوردیدا بگونجێت (Rudd, 2004, 171). دوەم هەنگاو: دروستکردنی هەستی ئارامی بو لە لای کوردەکان کاتێک دەگەڕێنەوە کوردستان، ئەم ڕێکارە بە دو شێوە جێبەجێکرا، سەرەتا (٨٧٢) لەپیاوانی کورد بانگهێشتکران بۆ خوارەوە بۆ ئەوەی هاوکاری بنیاتنانی کەمپەکان بکەن، هاوکات ئامانجی سەرەکی نیشاندانی ئارامی ناوچەکە بو بۆ ئەو پیاوانە. دواتر زۆربەیان چونەوە سەر شاخەکان و دەستیانکرد بە گەڕانەوە. هەنگاوی سێیەم: نزیککردنەوەی سەرکردە کوردەکان بو لەگەڵ ژەنەڕاڵ (گارنەر)، (فرێد کونی) بانگهێشتی سەرکردە کوردەکانی کرد بۆ بینینی بارودۆخی کەمپەکان (Seiple, 1995, 48). چەند ڕۆژێک دوای دەستپێکردنی کەمپەکان، تیپێکی پێشمەرگەی کورد گەیشتنە زاخۆ و داوای کۆبونەوەیان لەگەڵ نوێنەرانی هاوپەیمانان کرد، ئەمەش وایکرد کە بە چاوی خۆیان ببینن کە کارمەندانی سەربازی هاوپەیمانان ئاسایشی ناوچەکە و دەوروبەریان پاراستوە و ناوەندی ترانزێتی کەمپەکان بە باشترین شێوە

ئامادەکردوە (Rudd, 2004, 171). لە کۆتایدا ئەم هەوڵە کاریگەرییەکی زۆری هەبو لە گەڕاندنەوەی زۆربەی سەرکردەکان بۆ کەمپی پەنابەران (Seiple, 1995, 48).

کارمەندانی (کاروباری مەدەنی) (CA)ی بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵ (کامپبێل)، بۆ بەڕێوەبردنی ناوەندی ترانزێتی کەمپەکان دیاریکران، لەگەڵ یەکەکانی ئەندازیار، پزیشکی، پۆلیسی سەربازی، کە لە زاخۆ بون هەماهەنگی یەکترییان کرد، بۆ پێشکەشکردنی ئەو پێویستییانەی کە بۆ بەردەوام بونی دامەزراوەکە گرنگ بون (Rudd, 2004, 171).

یەکەم پەنابەر لە 27ی نیساندا گەیشتنە ئەو شوێنەی کە پێی دەگوترا ناوەندی ترانزێت(کەمپ)ی ژمارە یەک، خەڵکی بە لێشاو ڕویان لە کەمپەکان کرد، دواتر ئەندازیارانی سەر بە ستافی (JTF- B) دەستیانکرد بە دروستکردن کەمپی دیکە لە نزیک یەکتر، لە کۆتاییدا ناوەندی ترانزێت(کەمپ)ی ژمارە دو و سێیان دروستکرد (Rudd, 2004, 173). کارمەندانی کاروباری مەدەنی (CA) سێ کەمپیان لە زاخۆ و دو کەمپی دیکە لە سەرسەنگ و یەک کەمپی پلان بۆ دارێژراویان لە ناوچەی سوری بەڕێوەدەبرد. ناوەندە هەرەیەک لەم کەمپانە بەشی پزیشکی و کارگێڕی و دابەشکردنی خۆراک و ئاوی تێدا بو، واتا کارمەندانی کاروباری مەدەنی (CA) هەر خۆیان بون بە سەرۆکی شارەوانی، بەشی خزمەتگوزاری و ئاوەڕۆ، بەشی ئاو و خواردەمەنی، بەشی ئاگرکوژێنەوە، کرێکاری دابەشکردنی خۆراک، بەشی پۆلیس، ئەوان هەمو ژێرخانی شارێکی (٢٠) هەزار کەسییان بەڕێوە دەبرد( Goff, 1992, 39).

دابەشکردنی خۆراک و پێداویستییە مرۆییەکانی دیکە، وەک هاندانێک بۆ کوردەکانی عێراق بە کار هێنرا، بۆ گەڕاندنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان، ئەم یارمەتیانەش لەڕێگەی وشکانییەوە لە (سلۆپی)ەوە هێنرانە (زاخۆ)، دواتر بەسەر گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی (CTF-PC) دابەشکران. پاش ئەوەی فرۆکە خانەی سەرسەنگ کۆنترۆڵ کرا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانییەوە، (زاخۆ) بوە خاڵی دابەشکردنی هاوکاریی مرۆیی ڕۆژئاوا، (سەرسەنگ) بوە خاڵی دابەشکردنی هاوکاری مرۆیی ڕۆژهەڵات( Mckay, 2014, 80). یەکەکانی کاروباری مەدەنی (CA) بۆیان دەرکەوت پێش ڕاپەڕین و کۆڕەوی کورد، حکومەتی عێراق لە ڕێگەی بریکارەکانی خۆراکەوە جۆرە سیستەمێکی پێدانی خۆراکیان هەبوە، کە بەپێی کۆبۆن مانگانە خەڵکی پێداویستییە خۆراکییەکانی خۆیان لە بریکارەکان وەردەگرت، بەڵام ئەم جۆرە سیستەمی دابەشکردنی خۆراکە لە دوای ڕاپەڕین تێکچوبو. بەڵام پاش گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شار و گوندەکانی خۆیان، هێزەکانی (JTF-B) بۆ پشتگیریکردن لە هاووڵاتیان، پەنجەیان خستە سەر ئەم سیستەمە و بڕیاریاندا بە دابەشکردنی خۆراک و پێداویستییەکانی تر بەسەر هاووڵاتیان دا. بۆ ئەم مەبەستە (مەیجەر جۆن کولی) کۆمپانیایەکی کوردیی بارهەڵگری دامەزراند بە ناوی (کۆمپانیای کەشتیوانی کوردی بۆ هاوکاری)، بۆ گواستنەوەی

پێداویستییە مرۆییەکان. هێزەکانی (JTF-B) زیاتر لە (200) بارهەڵگریان بە کرێ گرت کە ڕۆژانە دو کاروانیان ئەنجام ئەدا، بۆ گەیاندنی هاوکاری بۆ پێنج خاڵە سەرەکییەکانی دابەشکردن لە ناوچەی ئارام، کە ئاو، خۆراک، سوتەمەنی، پێداویستی بیناسازی و کاڵای دیکە لەخۆگرتبو (Goff, 1992, 38-39) . ئەم هاوکارییە مرۆییانە ڕۆڵێکی گرنگی هەبو لە ڕاکێشان و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان، کە تا ناوەڕاستی مانگی ئایار نزیکەی(200) هەزار پەنابەر لە کەمپەکانی سنوری تورکیاوە بەرەو ماڵەکانی خۆیان لە باشوری کوردستان گەڕانەوە (Mckay, 2014, 80). سوپای ئەمریکا ڕایگەیاند کە ڕۆژانە (15 تا وەکو 20) هەزار کەس ناوچە سنورییەکان بەجێدەهێڵن (OFDA, 1991, 1).

قۆناغێکی دیکەی ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسودەیی، دانانی وێستگەی فریاگوزاری ڕێگا بو، زۆرێک لەو پەنابەرانەی کە یەکەم جار گەیشتنە (زاخۆ)، لە کەمپەکانی ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژئاوا بون، زۆربەیان لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی (زاخۆ) بون، گەڕانەوەیان قورس نەبو. بەڵام ئەوانەی لە کەمپە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵات بون دورتربون و پێویستیان بە یارمەتی زیاتر بو لە گەڕانەوەیان بۆ کوردستان. ژەنەڕاڵ (پۆتەر و گارنەر) پلانێکیان دانا بۆ دامەزراندنی وێستگەی فریاگوزاری بە درێژایی ڕێگاکانی باکور و باشور لە شاخەکانەوە بۆ باشوری کوردستان (Rudd, 2004, 173). بۆ ئەم مەبەستە ناوچە سنورییەکان و شاری (زاخۆ) و ناوەند و لوتکەی شاخە بەرزەکان، بە درێژایی ڕێگای گەڕانەوەی ئاوارەکان، بەتایبەتی لە ناوچە سنورییەکانی نێوان عێراق و تورکیا، هەمو ئەم ڕێگە و ناوچانە پڕ بون لە پێداویستییەکانی ژیان وەک خواردن و دەرمان و پیداویستییەکانی تر...هتد(هاجر، 2011، 163،164) .

پاشان دانیشتوان هاندران ئەو ئۆتۆمبێلانە وەگەڕبخەنەوە کە لە کاتی ئاوارە بونیان بۆ شاخەکان جێیان هێشتبو. هاوپەیمانان تیمی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلیان پێکهێنا، دەستیانکرد بە دابینکردنی سوتەمەنی و یارمەتی میکانیکی بۆ چاککردنەوە و گێڕانەوەی ئۆتۆمبێلە لە کارکەوتوەکان بۆ سەر ڕێگاکان. هەروەها بۆ گواستنەوەی ئاوارەکان لە ناوچە شاخاوییەکان و پاشان گواستنەوەی ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی کە خراپ ببون، ستافی (CSC) (فەرماندەیی پشتگیری یەکگرتو)، گرێبەستیان لەگەڵ چەندین شۆفێری پاس و بارهەڵگری تورکی و عێراقی ئەنجامدا (Rudd, 2004, 175).

لەگەڵ دابینکردنی ناوچەی ئارام و دروستکردنی کەمپ و ئامادەکردنی زاخۆ بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان، بەڵام هەمو ئاوارەکان نەیانتوانی بگەڕێنەوە. بۆیە پلان بۆ فراوانکردنی ناوچەی ئارام داڕێژرا کە شارۆچکە و گوندەکانی دیکەی کوردستانیش بگرێتەوە. ژەنەراڵ (گارنەر) لەکاتی قسەکردن لەگەڵ سەرکردەکانی کورد بۆی دەرکەوت شاری (دهۆک) پێش دوەم جەنگی کەنداو، زیاد لە (300) هەزار کوردی تێدا ژیاوە. بۆیە (گارنەر) پێی وابو کە (دهۆک) دەبێتە کلیلی نیشتەجێکردنەوەی بەشێکی زۆر لە ئاوارەکان (Goff, 1992,

(29. بەتایبەتی کاتێک ئەوەی بۆ دەرکەوت کە زۆرینەی ئاوارەکانی سنوری عێراق و تورکیا، لە پارێزگای (دهۆک) دەژیان، ناگەڕێنەوە تاوەکو هەست بە ئارامی شارەکە نەکەن. بۆ ئەم مەبەستە سەرکردەی هاوپەیمانان، داوای مۆڵەتیان لە عێراقییەکان کرد بۆ چونە ناو دهۆک، بەڵام داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە (Seybolt, 2008, 193). لە ٨ی ئایاردا ژەنەڕاڵ (نەشوان) یاداشتێکی دایە دەست عەقید (ڕیچارد نەعب)[19] کە بەرپرسی (MCC) بو، لە یاداشتەکەدا ڕایگەیاند کە حکومەتی عێراق هەر هەوڵێک بۆ چونە ناو (دهۆک) بە مەترسیدار و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەروەری عێراق دەزانێت (Seybolt, 2008, 180). ژەنەڕاڵ (شالیکاشڤیلی)، عەقید (ڕیچارد نەعب)ی ڕاسپارد پرسی (دهۆک) بگرێتە ئەستۆ. (ڕیچارد نەعب) پێیوابو دەتوانێت سوپای عێراق قەناعەت پێبکات، کە سازشکردن لەسەر (دهۆک) لە بەرژەوەندی ئەواندا دەبێت، (ریچارد نەعب) چارەسەرێکی پێشکەشکرد، تێدا هاتبو عێراقییەکان هێزە مەدەنییەکانی هاوپەیمانان بانگهێشت بکەن بۆ ناو شاری (دهۆک)، واتا پێشنیاری چەک داماڵینی کرد لە شارەکەدا. چونکە نە هاوپەیمانان و نە عێراقییەکان نەیان دەویست دۆخەکە بەرەو توندوتیژی بچێت (Rudd, 2004, 179). ژەنەڕاڵ (شالیکاشڤیلی)، بۆ ئەم مەبەستە چوە باشوری کوردستان، بۆ ئەوەی لەگەڵ ژەنەڕاڵ (نەشوان) و لیوا فەریق (سابر) کۆببێتەوە و وردەکارییەکان باس بکات. لەکۆتایدا ڕێکەوتن لەسەر کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی عێراق لە (دهۆک)، بەڵام سوربون لەسەر مانەوەی هێزێکی پۆلیس لەناو شارەکەدا (Rudd, 2004, 181). پاشان لە کۆتاییەکانی مانگی ئایاردا حکومەتی عێراق ڕێگە بە هەشتا و یەک کارمەندی سەربازی و هەشتا و یەک کەسی مەدەنی هاوپەیمانان دا بچنە ناو (دهۆک)، بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی تەندروستی لە شارەکەدا دابمەزرێننەوە. ئەمەش وایکرد ئاوارەیەکی زیاتر بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان لە (دهۆک)، ژمارەی ئاوارەکان لە کەمپەکانی دەوروبەری زاخۆ زۆر کەم بونەوە، تەنیا ئەو کوردانەی، کە لە دەرەوەی ناوچەی ئەمنی دەژیان، ترسیان لە گەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان هەبو (Goff, 1992, 41).

جۆردن ڕود دەڵێت: "کاتێک تیمەکانی هەڵسەنگاندنی ژەنەڕاڵ (گارنەر) چونە ناو دهۆک بۆ پشکنینی شەقامەکان و خزمەتگوزارییەکان وەک: کارەبا، قوتابخانەکان، پۆلیس، نەخۆشخانەکان، ئاوەڕۆ، خۆراک، و دۆخی پێشوازیکردنی پەنابەرانیان، دیاریکرد". تیمەکان بۆیان دەرکەوت پێویستە بە ڕژدی کار بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە، بەو پێیەی بەشێکی زۆری ئاوارەکان لە دڵەڕاوکێی گەڕانەوەدا بون، خەمی یەکەمیان سەلامەتی بو (Rudd, 2004, 183). پاشان هێزەکانی هاوپەیمانان و هەندێک لە ڕێکخراوەکانی فریاگوزاری شارەکەیان پاککردەوە، خاڵەکانی دابەشکردنی خۆراک و ئاویان نۆژەنکردەوە و پاشماوەی تەقەمەنییەکانیان کۆکردەوە، ئاوارە کوردەکان بە پۆل دەستیانکرد بە گەڕانەوە (Seybolt, 2008, 193).

دوای دو ڕۆژ، لە ٢٢ی ئایاردا، ژەنەراڵ (گارنەر) ستافێکی گەورەتری نارد بۆ ناو (دهۆک) بۆ نۆژەنکردنەوەی دامەزراوە بنەڕەتییەکان بەهۆی ئەوەی کارەبا لە شارەکەدا نەبو، عەقید (وینسۆر) بۆ چارەسەرکردنی کارەبای شارەکە دو پسپۆڕی وێستگەی کارەبای سوپایی نارد بۆ (دهۆک). عێراقییەکانی دیکە لەگەڵ ئەندازیارانی سەربازی کاریان دەکرد بۆ ئەوەی سیستەمی ئاوی شارەکە بخەنەکار (Rudd, 2004, 183) . پاشان فەرماندەی (JTF-B) فەرمانی بە یەکە ژێر دەستەکانی کرد، بۆ ئەنجامدانی چاکسازی پێویست. ئەندازیارەکان مۆلیدەکانیان چاککردەوە بۆ ئەوەی کارەبا بۆ پەمپەکانی ئاو و ڕوناکی دابینبکەن و سیستەمی پاکوخاوێنی بنەڕەتی کارپێبکەن. ئەندازیارەکان دەبو ڕێگاوبانەکان چاک بکەنەوە و دار و پەردو لە شەقامەکان پاک بکەنەوە و شارۆچکەکان لە تەقەمەنی بەرفراوان پاکبکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە ستافی (JTF-B) زیاتر لە پانزە تیمی تەقەمەنی (EOD)ی ڕاسپارد، کە لە پەنجا کارمەند زیاتر پێکهاتبون بۆ پاککردنەوەی ناوچەکان (Goff, 1992, 36) .

تیمی هەڵسەنگاندن بۆیان دەرکەوت کە نەخۆشخانەی شارەکە و چوار کلینیکی تاڵان کراون و هەندێک کەرەستەی پزیشکی دزراون یان زیانیان پێگەیشتوە. کارمەندانی پزیشکی لە چەندین ڕێکخراوی ناحکومی و نەخۆشخانەیەکی مەیدانی فەرەنسی کە تازە هاتبون، چونە ناو (دهۆک) بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەم دامەزراوانە (Rudd, 2004, 183). یەکە پزیشکییەکان و کلینیکی تەندروستیان دامەزراندەوە و پێداویستییەکانی زیاتر لە دە دامەزراوەی پزیشکیان دابینکرد، هەروەها بەو پێیەی زۆربەی پزیشکەکان هەڵاتبون، (JTF-B) هەستا بە دامەزراندنی کارمەندانی پزیشکی سەربازی وکارمەندانی پزیشکی ڕێکخراوە خۆبەخشەکان لە کلینیک و دامەزراوە پزیشکییەکاندا. پاشان پشکنینی پاکوخاوێنی و خزمەتگوزاری پزیشکی ڤێتێرنەری پێشکەش کرا. یەکەکانی پزیشکی (JTF-B) زیاتر لە (٥٠) هەزار دەرزی سورێژەیان دایە ئەو منداڵە کوردانەی لە ناوچەی ئارامدا دەژین. یەکەکانی هاوپەیمانان، شەش نەخۆشخانەی نەشتەرگەرییان دابینکرد (Goff, 1992, 37). لە کۆتایی مانگی نیسانەوە تا کۆتایی مانگی ئایار یەکە پزیشکییە سەربازییەکانی هەشت وڵاتی هاوپەیمانان چونە ناو کەرتی (JTF-B) لە باشوری کوردستان. هەروەها کارمەندانی پزیشکی لە نزیکەی بیست دەزگای ڕێکخراوی ناحکومی پەیوەندییان پێوەکرد، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە لە کەرتی (JTF-A) لە شاخەکاندا مابونەوە. لە ئەنجامی هەوڵە هاوبەشەکانیان، نەخۆشخانەکانی (زاخۆ و دهۆک) کەوتنە کار (Rudd, 2004, 190). نەخۆشخانەی (دهۆک) دوبارە توانای جێگەی نوستنەکەی بۆ چوار سەد نەخۆش خستەوەگەڕ، زۆربەی ئامێرە پزیشکییەکان چاککرانەوە یان گۆڕدران، هەردو نەخۆشخانە و کلینیکەکان بە پێداویستی پزیشکی پڕکرانەوە، زۆری نەخایاند نەخۆشخانەی (دهۆک) لەگەڵ گەڕانەوەی ئاوارەکان ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشەکانی وەرگرت و چارەسەری دەکردن (Rudd, 2004,

(183. ئیدی یەکەی پزیشکی و نەخۆشخانەکان ئەوەندە زۆر بون کە لە سەروی پێداویستییەکان بو  ,Goff) .1992, 38)

لە نێوان ناوەڕاستی مانگی نیسان و ناوەڕاستی مانگی تەمموزدا (1991)، ژەنەڕاڵ (شالیکاشڤیلی) و پێکهاتە سەربازییەکانی، توانیان ئامانجە گرنگەکان لە قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسودەیی بەدیبهێنن. کەشتییە بارهەڵگرەکان چەندین باری هاوکاری مرۆییان گواستەوە بۆ بەندەرەکانی تورکیا، دواتر بە بارهەڵگر و فرۆکە بۆ ئاوارە کوردەکانی سنوری عێراق تورکیا یان دەنارد.  لە ماوەی بیست ڕۆژی یەکەمی بەرنامەی ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسودەیی، فڕۆکەی(C-5 و C-141)، حەفتا و پێنج ئەرکی فڕینیان لە ئەمریکا و ئەوروپا بەرەو تورکیا ئەنجامداوە (Warnock, 2000, 181) .

دوای نیشتەجێکردنی ئاوارەکان بە سەلامەتی لە باشوری کوردستان، ئامانجی داهاتوی ژەنەڕاڵ (شالیکاشڤیلی) کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بو. ئەو دەیزانی کە ئۆپەراسیۆنەکانی فریاگوزاری  مرۆیی بەردەوام دەبێت، بەڵام پێویست نەبو لەلایەن هێزە سەربازەکانەوە ئەنجام بدرێت. کاتێک دۆخەکە سەقامگیری بەخۆوەبینی، یەکەم هەنگاو ڕادەستکردنی کۆنترۆڵی هەوڵەکانی فریاگوزارییەکان بو بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان (Rudd, 2004, 201). فرێد کونی بەرپرسیاری کۆتایی بو لە داڕشتنی پلانی گواستنەوە هەوڵە فریاگوزارییەکان بۆ کۆمیساری باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UNHCR) (Seiple, 1995, 50). لەگەڵ ئەوەشدا پاش ڕادەستکردنی هەوڵە فریاگوزارییەکان، کارمەندانی کاروباری مەدەنی (CA)، کەمپەکانیان بەڕێوە دەبرد. دوای هەڵکردنی ئاڵای نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەرکەمپەکان، هێزەکانی هاوپەیمانان هەمو خزمەتگوزارییەکیان وەک پێشتر پێشکەش دەکرد و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتوەکان پەیوەندییان لەگەڵ ستافی (JTF-B) هەبوە، بەڵام مەودای خۆیان هێشتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق دڵنیا بکەنەوە کە بێلایەنن(Goff, 1992, 40)

هاتنی سوپای هاوپەیمانان بۆ شاری (دهۆک)، لەگەڵ دانوستانەکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراق، هەستێکی پێویستی ئاسایش بۆ کوردە ئاوارەکان ڕەخساند. ئەم کارە زۆرینەی ڕەهای کوردەکانی ڕازیکرد بگەڕێنەوە بۆ سەر زێدی خۆیان (Brown, 1995, 83). تا کۆتایی مانگی ئایار تەنیا نزیکەی (41) هەزار پەنابەر لە کەمپەکاندا مابونەوە (Warnock, 2000, 182). لە کۆتاییدا هەوڵە مەزنەکەی هاوکارییە مرۆییەکان، لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی هاوپەیمانان بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام، ئامانجە ڕاگەیەندراوەکەی خۆی بەدیهێنا، بە کۆتاییهاتنی ساڵی (1991)دا، هەمو پەنابەرەکان بۆ زێدی خۆیان گەڕانەوە (لیزنبیرگ، 2022، 12).

بەپێی بڕیاری (688)، ئۆپەراسیۆنە فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکان و ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسودەیی، هەوڵێکی نێودەوڵەتی ناوازە بو، وەڵامی ئازارە گەورەکانی خەڵکی بێتاوانی دایەوە. کە چەندین وڵاتی جیهان و بەدەیان دەزگای فریاگوزاری مەدەنی پشتگیریان لە ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسودەیی کرد(Brown, 1995, 12)، بە بەهاکەی (740) ملیۆن دولار، هاوکاری مرۆییان پیشکەش بە ئاوارەکانی باشوری کوردستان کرد، زۆرینەی پشکی ئەمریکاش بە تەواوەتی بۆ ئاوارەکانی سنوری تورکیا سەرفکرا (O'Connell, 1992, 907). لە ماوەی سێ مانگ و نیودا، فڕۆکەکانی هاوپەیمانان (5594) تۆن خۆراک، بەتانی، کەرەستەی داڵدەدان و دەرمانیان خستە خوارەوە. جگە لە دابەزینی ئاسمانی، ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسودەیی (5683) تۆن بە فرۆکە گەیاندوە بە ئاوارەکان و (4015) تۆن بە بارهەڵگر بو (Sebolt, 2008, 108). بە کۆی گشتی (15.292) تۆن واتا (بە تێکڕا 139 تۆن لە ڕۆژێکدا بۆ ماوەی 110 ڕۆژ) (Sebolt, 2008, 109) .

بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرکەوتوبون لە ڕزگارکردنی گیانی هەزاران کەس لە مردن، لە گەورەترین و سەرنج ڕاکێشترین هەوڵی فریاگوزاری مرۆیی لە مێژوی هاوچەرخدا. چونکە پێش 16ی نیسان، ڕێژەی مردن بە درێژایی سنوری تورکیا وعێراق لە (500) کەسەوە بۆ (1000)کەس لە ڕۆژێکدا بو، بەڵام دوای ئەو بەرواره بۆ کەمتر لە (50 بۆ 10) کەس لە ڕۆژێکدا دابەزی. ئەمەش لە ئەنجامی هەوڵە فریاگوزارییە مرۆییەکانی هاوپەیمانان بو (A Staff Report, 1991, 36)، ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسودەیی. سەرەڕای ئەوەی ژیانی هەزاران ئاوارەی ڕزگارکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگریی لە سەدام حوسێن کرد کە دەستی ئازادی لە بەشی باکوری وڵاتەکەیدا هەبێت، بێ هیوایکرد لە دوبارەکردنەوەی ڕوداوی جینۆساید و پێشێلکارییەکان مافی مرۆڤ دژ بە کوردەکان (Warnock, 2000, 188). هەروەک جاسم تۆفیق دەڵێت: "بەبێ دەستێوەردانی سەربازی مرۆیی هاوپەیمانەکان، حکومەتی بەغداد دەستی لە سەرکوتکردن و ڕاونان هەڵنەدەگرت و ڕێگەی بە کۆمەکی و هاوکارییە مرۆییەکان بۆ کورد نەدەدا"(خۆشناو، 2004، 107). هەروەک ئەنجومەنی پیران ویلایەت یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەڵێت: ئەوەی سەربازەکانمان کردیان مێژویی بو، پێشتر هەرگیز هێزە سەربازییەکانمان، ئەرکی هاوکاری مرۆییان بەم قەبارەیە و لە ژێر بارودۆخێکی ئاوا سەختدا نەگرتوەتە ئەستۆ (A Staff Report, 1991, 36) . ئۆپەراسیۆنی هاوپەیمانەکان و نەتەوە یەکگرتوەکان، بۆ بە هاناوەچونی کوردەکان، بە پرۆژەیەکی مرۆڤایەتی لەقەڵەم دراوە و ئەوەش جاری یەکەم بوە لە مێژودا کە نەتەوە یەکگرتوەکان بچێتە وڵاتێک و گەلەکەی لەهەڕەشەی حکومەتەکەی خۆی بپارێزێت (خۆشناو، 2002، 414).

پاش ڕادەستکردنی کۆنترۆڵی هەوڵە فریاگوزارییەکان بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسودەیی لە تەمموزی (1991) کۆتایی هات، هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە 13 حوزەیران بۆ 15 تەمموز 1991 دەستیان بە کشانەوە کرد، (12.316) سەربازی ئەمریکی و (11) هەزار سەربازی تر لە هێزەکانی هاوپەیمانی کە لە ماوەی یەک مانگ ناوچەکانی باشوری کوردستانیان بە جێهێشت (Samson, 2020, 168). گەلی کورد بە فرمێسک و گوڵ و نیشاندانی سوپاسگوزاری و پێزانینەوە هێزەکانی هاوپەیمانیان ناردهماڵەوە (Almashhdani, 2008, 117)

## ئەنجام:

1-لە ئەنجامی سەرکوتکاری حکومەتی عێراقی و ئاوارەبونی سەدان هەزار هاوولاتی لە باشوری کوردستان، کارەساتێکی مرۆیی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، لەبەر ئاڵۆزیی سروشتی ناوچە، سوپای هاوپەیمانان تاکە هێزبون، پیش لایەنە فەرمییەکانی بواری مرۆیی، توانییان ڕۆڵی سەرەکی ببینن لە بە هاناوەچونی ئاوارەکان بۆ پێشکەشکردنی فریاگوزاری مرۆیی، لەو کاتەدا هیچ دامەزراوەیەکی فریاگوزاری مرۆیی، جگە لە کەرتی سەربازی ئامراز و پێداویستی گونجاویان لەبەردەست نەبوە بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی.

2- دەرکردنی بڕیاری 688 لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، پاشان ڕاگەیاندنی قەدەغەکردنی ناوچەی دژەفڕینی، لەلایەن ئەمریکا و ولاتانی ڕۆژئاوا، دو بڕیاری گرنگ و چارەنوس سازبون، کە بە کردار ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە دابینکردنی ئاسایش و هاتنی بە لێشاوی ڕێکخراوەکان و هاوکارییە فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئاوارە کوردەکان. لەم ماوەیەدا جیهان بەخشندەیی و مرۆڤایەتی خۆی بەرامبەر بە کورد نواندوە. ڕێگەیان نەدا چیتر حکومەتی عێراق، لەژێر سایەی پاراستنی ئاسایش و سەروەری دەوڵەت، گەلی کورد سەرکوت بکات و مافەکانی پێشێل بکات.

3-دروستکردنی ناوچەی ئارام لە بەشێکی خاکی باشوری کوردستان، لەلایەن ولاتانی ڕۆژئاوا و پاراستنی ئەم ناوچەیە لەلایەن سوپای هاوپەیمانان، بوە هۆکاری دابینکردنی ئاسایش و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی ڕەسەنی خۆیان.

4- لە پێناو خێراکردنی پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەکان، سوپای هاوپەیمانان ڕۆلێکی گرنگیان بینی، لە فراوانکردنی ناوچەی ئارام و دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکان و ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی زۆرێک لە دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەی ئارام.

5-دەستکەوتەکانی فریاگوزاری سەلماندیان کە هاوپەیمانی سەربازی. ڕێکخراوێکی زۆر کاریگەر بو لە پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی و دابینکردنی ئاسایش. کە بۆ یەکەم جار بو لە مێژودا کەرتی سەربازی

ڕۆڵی فریاگوزاری ژیان ببینێت، هەروەها کەرتی سەربازی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هەماهەنگی یەکتر بکەن لە هەوڵە فریاگوزارییەکان.

# Coalition Army humanitarian assistance for the refugees from South Kurdistan on the Turkish border in 1991.

**Saman Majed Mohmmad[1] - Hersh Abdullah Hama Karim[2]**

[1+2] Department of History, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This study illustrates the amount and significant types of humanitarian assistance, which provided by the coalition forces to the displaced people from South Kurdistan on the Turkish-Iraqi border in 1991. The coalition forces arrived directly to help displaced people because they were around in the area. However, they provided the most necessary emergency supplies because they were capable to deliver hundreds of tons of humanitarian aid and basic necessities of life. Since they had the necessary equipment to carry out emergency supplies to distribute to displaced people in the Turkish-Iraqi border, especially dropping such emergency supplies by plane.

The confirmation and adopted of Resolution 688 by the United Nations Security Council led to receive influx of humanitarian aid to the displaced people. The Western countries with the help of US, after confirmed the Resolution 688, played a major role in the making of no-fly zones above latitude (36) in the north ,and the making a peace zone (Safe haven,)in parts of Iraqi Kurdistan. Therefore, the coalition forces could easily deliver this humanitarian aid assistance to people in need and protect them from the repression of the Iraqi government. Later, the coalition forces built several (temporary) settlement camps near the city of Zakho in order to return the displaced people to the peace zone area. They provided humanitarian needs such as food, water and health for the displaced people in the center of these camps. Moreover, they rebuilt many service facilities along the ceasefire zone, saving thousands of lives and returning refugees to their homes.

**Keywords:** humanitarian aid, Kurdish refugees, coalition forces, no-fly zone, Safe haven.

## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژمارە (1) خشتەی ژمارەو کەمپی ئاوارەکان لە سنوری تورکیا

| ناوی کەمپەکان لە شاخەکانی نێوان سنوری تورکیاو عێراق | ژمارەی ئاوارەکان نیشتەجێی کەمپەکان |
|---|---|
| کوکورکا | 115.000 |
| ئیسکەرڤێن | 80.000 |
| کایادیبی | 12.000 |
| نوێ حاج | 20.000 |
| پیرنچەکێن | 12.000 |
| شێندیلی | 10.000 |
| سینات | 6.000 |
| ئوزوملا | 60.000 |
| یەکماڵ | 71.000 |
| یەسیلۆڤا | 6.000 |
| بێناونیشان | 60.000 |
| کۆی گشتی | 452.000 |

(Goff, 1992, 7)


### پاشکۆی ژمارە(2)خشتەی پێکهاتە سەربازییەکانی هاوپەیمانان

| ڕێکەوتی دامەزراندن | ناوی تەواوی یەکەکان بە کوردی | ناوی تەواوی یەکەکان بە ئینگلیزی | یەکەکان |
|---|---|---|---|
| 6نیسانی 1991 | هێزی ئەرکی هاوبەش و دابینکردنی ئاسودەیی | Joint Task Force- Provide Comfort | JTF-PC |
| 6نیسانی 1991 | هێزی ئاسمانی | Air forces | AFFOR |
| 6نیسانی 1991 | هێزی ئەرکی هاوبەش-ئەلفا | Joint Task Force Alpha | JTF-A |
| 10نیسانی1991 | هێزی دەریایی | Naval Force | NAVFOR |
| 16نیسانی1991 | هێزی ئەرکی یەکگرتو(تێکەڵاو) دابینکردنی ئاسودەیی | COMBINED TASK FORCE-PROVIDE COMFORT | CTF-PC |
| 16نیسان تا 1 ئایاری 1991 | | | COALITION HOS |
| 17نیسانی1991 | هێزی ئەرکی هاوبەش- براڤۆ | Joint Task Force- Bravo | JTF-B |

| | | | |
|---|---|---|---|
| MCC | The Military Coordination Center | ناوەندی هەماهەنگی سەربازی | 19نیسانی1991 |
| CACMD | CIVIL AFFAIRS COMMAND | فەرماندەی کاروباری مەدەنی | 22نیسانی1991 |
| MEDCMD | MEDICAL COMMAND | فەرماندەیی پزیشکی | 28نیسانی1991 |
| CSC | Combined Support Command | فەرماندەیی پشتگیری یەکگرتو | 1ئایاری 1991 |

(Goff, 1992, 12)

**پاشکۆی ژمارە(3) نەخشەکە (ناوچەی ئارام و هێڵی پانی 36 )لە ساڵی (1991) دا، ڕوندەکاتەوە.**




(ئەسەسەرد، 2012، 169)

## سەرچاوەکان.

Report of the Agency for International Development Washington, D.C. U.S. Office of Foreign Disaster Assistance (OFDA), May 16 1991.

US Senate Resolution on Humanitarian Assistance to Iraqi Kurdish Refugees in 1991.

بڕیاری (688)ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە ئاوارە کوردەکان (S/RES/688/1991).

ڕاپۆرتی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایش کراوە بە ژمارە (20 Maech 1991 S /22366).

ئەسەسەر، فەرید، (2012)، ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان 1994-2005، سلێمانی چاپ و بڵاوکردنەوەکانی ئاکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

خاروداکی، ماریانا، (2011)، کورد و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە 1945ەوە، و: مامکاک، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

خۆشناو، جاسم تۆفیق، (2002)، مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی.

خۆشناو، جاسم تۆفیق، (2004)، دەخالەتی مرۆڤانە لە کوردستان، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

سنجاري، علي، القضية الكردية و حزب البعث في العراق، ج3، مطبعة خاني, دهوک، 2012.

لیزەنبێرگ، میشێل، هاوکارییە مرۆییەکان لە کوردستانی عێراق، (2022) و: یاسین سەردەشتی، سلێمانی، ب.چ.

بلوک، جون و موريس، هارفي، (2009)، لاصدقاء سوى الجبال(التاريخ المأساوي للكورد)، ت:حكيم عبدالله، دهوک، مطبعة هاوار.

راندال، جوناتان، (1997)، امة في شقاق، دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة فادي حمود، بيروت، دارالنهار.

الزيباري، عبدالرحمان سليمان، (2002)، الوضع القانوني لإقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، أربيل، مطبعة وزارة التربية.

العتبي، منصور عياد، (2009.)، مجلس الامن في مواجهة العدوان العراقي على دولة الكويت وتداعياته(1990-2008)، مركز البحوث والدراسات الكويتية، الكويت.

مراد، مخلص سليم، (2014)، الوضع القانوني والسياسي لاقليم كوردستان للفترة مابين (1970-2003)، اربيل، مطبعة جامعة صلاح الدين.

A Staff Report, (1991), perpard for the USE of the Subcommitte on immigration and Refugee Affairs of the committee on the judiciary united states senate, the Committee, on the Judiciary United States Senate, U.S. Government Printing Office Washington .

Brown, Ronald J,(1995), Humanitarian Operations in Northern Iraq, 1991 with Marines in Operation Provide comfort and Museums Diviion Headquarters U.S Marine corps Washington D.C.

Clary, David E, (April 1994), OPERATION PROVIDE COMFORT--A STRATEGIC ANALYSIS, MAXWELL AIR FORCE BASE, ALABAMA .

Gallant, Judy A.,(1992) Humanitarian Intervention and Security Council Resolution 688: A Reappraisal in Light of a Changing World Order, Volume 7 Issue 4, American University International Law Review.

Goff, Donald G. (1992), Operation Provide Comfort , United States Army.

Hinson, David R, (1998), Major, U.S. Military Interaction with Humanitarian Assistance Organizations During Small –Scale Contingencies, Air Command and Staff College Air University.

Koshy, Ninan, (5.Oct,1996.) The United Nation, the US and Norhern Iraq , Economic and Political Weekly.

Kramlinger, George D.(2001) Provide Comfort, Deny Flight, and the Future of Airpower in Peace Enforcemen, Air University Press.

Lyon, Alynna T . and Dolan, Chris T, (2007), Humanitarian Intervention: Toward a Theory of Coevolution, Press, Vol. 3 .No. 1, Oxford University.

Mckay, J . R, (2014) Shifting Sands: Air Coercion and Iraq, 1991-2003, Canadian Forces Aerospace Warfare Center Production Section.

McQueen, Carol, (2005), Humanitarian Intervention and Safety Zones Iraq, Bosnia and Rwanda, Antony Rowe Ltd, Chippenham and Eastbourne.

Orchard, Phil,( January 2014), Humanitarian Safe Areas for Civilian Protection This article was published in Global Governance.

Prados, Alfred B, (May1994),The Kurds in Iraq Status, Protection and prospects, CRS Report for congress.

Rudd, Gordon W, (2004) Humanitarian Intervention Assisting the Iraqi Kurds in Operation PROVIDE COMFORT, 1991, Department of the Army Washington, D.C.

Seiple, Chris, (April 1995), The U.S. Military/ NGO Relationship and the Cmoc in Times of Humanitarian Intervention ,Naval Postgraduate School Monterey , California.

Seybolt, Taylor B., (2008,) Humanitarian Military Intervention the Conditions for Success and FAILURE, Oxford Univeristy Press.

Warnock, A. Timothy, (2000) Short of War Major USAF Contingency Operations 1947-1997 Air Force Historical Research Agency Air Force History and Museums Program in association with Air University Pres.

مستەفا، ئاراس عەبدولرەحمان، (2008)، ڕاپەڕینی ئاداری (1991) لە باشوری کوردستان، نامەیەکە بۆ بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لەمێژودا، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی مێژو، زانکۆی کۆیە.

محمود، اشنا احمد، (2008)، دور الأمم المتحدة في حل المنازعات الدولية والداخلية، ڕسالة ماجستير غير المنشورة، كلية القانون، جامعة كوية،

الجميلي، عبدالستار حسين، (2003)، الطبيعة القانونية لقرار مجلس الأمن 688(1991)والتدخل الإنساني في العراق،رسالة ماجستير غير المنشورة, كلية القانون، جامعة السليمانية.

هاجر، ختال،(2011)، تدخل الامم المتحدة لوقف انتهاكات حقوق الانسان في كردستان العراق عام 1991، ڕسالة ماجستير غير المنشورة، كلية الحقوق، قسم القانون العام، جامعة باجي مختارة عنياية، الجزائير.

Almashhdani, Khalid Rabea Rasmi, (28 July 2008),THE UNITED NATIONS SECURITY COUNCIL AND WALZER’S ETHICAL APPROACH TO HUMANITARIAN INTERVENTION FROM A LEGAL PERSPECTIVE: A COMPARATIVE STUDY OF NORTHERN IRAQ (1991) AND KOSOVO (1999), Research Report Submitted to the Faculty of Humanities, University of Witwatersrand, Johannesburg, in fulfilment of the requirements for the Degree of Master of Arts in International Relations, Johannesburg.

Meibauer, Gustav, (September 2017), US Foreign Policy and the No-Fly Zone, 1991-2016, A thesis submitted to the Department of International Relations of the London School of Economics and Political Science for the degree of Doctor of Philosophy, London.

Farha, Sita Rama, ( April 2019), Humanitarian Intervention According To Contending Perspectives on International Relations: The Cases of Iraq (1991) and the Federal Republic of Yugoslavia (1999) , A thesis submitted in partial fulfillment of the requirements for the degree of Master of Arts in International Affairs, Lebanese American University.

Samson, Anna, (January 2020), How AMERICAN PRESIDENTS JUSTIFY EXIT STRATEGIES IN HUMANITARIAN INTERVENTIONS, A thesis submitted for the degree of Doctor of Philosophy of The Australian National University.

غەفور، ناصح، (2000)، بنەمای یاسایی و ڕامیاری بڕیاری بڕیاری 688 و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە کوردستانی عێراق، گۆڤاری تەرازو ژمارە(9)، هەولێر.

مەحمود، عەبدولفەتاح عەبدول ڕەزاق، (2001)، دەستێوەردانی مرۆیی نەتەوە یەکگرتوەکان لە کوردستانی عێراق، (بڕیاری 688) ،گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە 21 ساڵی پێنجەم، هەولێر.

حسين، عادل محمد و علي، محمد كرم عبد، (2018)، القضية الكردية في العراق والموقف الامريكي منها(1990-1993)، مجلة الملوية للدراسات الاثارية والتاريخية، المجلد5، العدد13، كلية الاداب، جامعة سامراء.

Cockayne, Tames and Malone, David, (march 2006), How Operation Provide Comfort and the No-Fly Zones in 1991 and 1992 Paved the Way for the Iraq Crisis of 2003, Vol. 37, No.1, Ltd, Sage Publication .

Franke, Benedikt F. (30des 2004) ,The Use Of Sustained Coercive Air Power In Humanitarian Interventions ,Journal of Humanitarian Assistance .

Harunoğlu, Nur Ç etinoğlu,( 2019) A Turkish perspective on the ethics of Śafe zone the evolution of the concept in Turkish-American relations from Iraq(1991-2003) to Syria(2012-2016) , Journal of Translantic Studies.

Khdhir, Dilshad H, Safe Havens in Iraq: Marking the End of Non-Intervention, International Conference on Accounting, Business, Economics and Politics, ICABEP2018.

Malanczuk, Peter,(1991) The Kurdish Crisis and Allied Intervention in the Aftermath of the Second Gulf War, European Journal of International Law.Volume 2, Issue 2 ,University of Amsterdam.

O'Connell, Mary Ellen, (1992), Continuing Limits On UN Intervention in Civil War, Indiana Law Journal, volume 67, Issue 4, Indiana University School of Law.

Whitesell, Sarah E., (2020), The Kurdish Crisis: An International Incident Study, Denver Journal of International Law & Polic, Volume 21 Number 2 Winter.

ڕیچارد دبلیو پۆتەر جونیۆر .https://nara.getarchive.ne/richard-w-potter 2002/10/5.

ڕێکخراوی ئۆکسفام.https://www.britannica.com/topic/Oxfam-International 2022/10/16.

**فەرماندەیی ئەمریکا لە ئەوروپا** (EUCOM) **https://www.eucom.mil 2023/3/10.**

سابر عەبدولعەزیز حسێن کێیە؟ .https://kitabat.com 2022/10/5.

پەراوێزەکان

1 - فەرماندەیی ئەمریکا لە ئەوروپا (EUCOM) یەکێکە لە یازدە فەرماندەییە یەکگرتوە شەڕکەرەکەی سوپای ئەمریکا، بارەگای سەرەکی لە شاری شتوتگارت لە ئەڵمانیایە. یەکێکە لە هاوپەیمانییە سەربازییەکانی پەیمانی ناتۆ. لە کاتی شەڕی کەنداو و ئۆپەراسیۆنی چاودێری باکوردا، سەرپەرشتی ئەو هێزانەی دەکرد کە لە بنکەی ئاسمانی ئینچەرلێک هەڵدەفرین. https://www.eucom.mil 2023/3/10.

2 - ژەنەڕاڵی مەیجر جەیمس ئێل جەیمێرسۆنی لە لایەن (EUCOM)وەک فەرماندەی هێزی (JTF-PC) هەڵبژێردرا . پێشتر ژەنەڕاڵ جەیمەرسۆن وەک جێگری فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە ئەوروپا کاری دەکرد (Goff, 1992, 6)

3 - ریچارد دبلیو پۆتەر جونیۆر (1915–2009) فەرماندەی گشتی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان و فەرماندەیی ئەمریکا لە ئەوروپا بو، سەردانی کەمپی پەنابەران کرد لە کاتی ئۆپەراسیۆنی دابینکردن ئاسودەیی، وەک هەوڵێکی فرەنەتەوەیی بۆ یارمەتیدانی پەنابەرانی کورد لە سنورەکانی تورکیا و باشوری کوردستان . https://nara.getarchive.ne/richard-w-potter 5/10/2022

4 - کەمپەکان ئیشیکڤێرێن، یەکمال، کەیادیبی لە پارێزگای شیرناخ، دورتر لە ڕۆژهەڵات کەمپی کوکورکا و ئوزوملو و پیرینچەکن و ییسیلۆڤا لە پارێزگای هەکاری. کەمپی سینات، لە نزیک سنوری عێراق، بەرامبەر پارێزگای شیرناخ بو( Rudd, 2004, 66,67) .

5 - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژمارەی ئاوارەکان و کەمپە دروستکراوەکان لە شاخەکان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1).

6 - ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش کە دەنگیان بە پرۆژە بڕیارەکە دا، چوار ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش کە بریتی بون لە بەریتانیا، ئەمریکا، فەرەنسا، یەکێتی سۆڤێتی پێشو، لەگەڵ شەش ئەندامی تر کە هەمیشەیی نەبون کە بریتیبون لە نەمسا، بەلجیکا، ڕۆمانیا، ئیکوادۆر، ساحل ئەلعاج و زائیر بون، سێ دەوڵەتی نا هەمیشەیی دژی بڕیارەکە دەنگیان دا، کە بریتی بون لە کوبا و یەمەن و زیمبابۆی، دو دەوڵەتی ئەندامیش دەنگیان نەدا بە بڕیارەکە کە بریتیبون لە هیند و چین کە دوەمیان ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بو(العتبي، 2009، 72) .

6 بڕوانە پاشکۆی ژمارە(3) نەخشە ناوچەی دژە فڕین لە باشوری کوردستان.

7 - بڕوانە پاشکۆی ژمارە(3) نەخشە ناوچەی دژە فڕین لە باشوری کوردستان.

8 - پارێزگار کۆزاکجۆغلو باڵاترین بەرپرسی سیاسی تورکیا بو لە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کە دەکەوێتە دیاربەکر، ئەرکی هەماهەنگی چالاکییە مەدەنی و سەربازییەکانی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیای لە ئەستۆ بو. (Rudd, 2005, 62)

9 - بڕوانە پاشکۆی ژمارە(3) نەخشەی دروستکردنی ناوچەی ئارام لە لایەن هاوپەیماناکان.

10 - ئەندامانی هاوپەیمانی سەربازی بریتی بون لەم دەوڵەتانە ( ئوسترالیا، بەلجیکا، فەرەنسا، ئیتالیا، کەنەدا، ئەڵمانیا، لۆکسمبۆرگ ، پورتوگال، تورکیا، هۆڵەندا، ئیسپانیا، بەریتانیا، ئەمریکا)( Goff, 1992, 9).

11 - ئەم دەوڵەتانە بەشدار بون لە پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی: (ئوسترالیا، نەمسا، بولگاریا، بەلجیکا، کەنەدا، دانیمارک، فەرەنسا، یۆنان، ئایسلەندا، ئیسرائیل، ژاپۆن، لوکسێمبۆرگ، نیوزیلاند، پاکستان، ڕۆمانیا، ئیسپانیا، ئەڵمانیا، هەنگاریا، ئێرلەندا، بەریتانیا، ئەمریکا، ئیتالیا، ئوردن، هۆڵەندا، نەرویج، پورتوگال، سعودیە، سوید (Goff, 1992, 9).

12 - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دامەزراندنی پێکهاتە سەربازییەکانی هاوپەیمانان، بۆ بەهاناوەچونی ئاوارەکانی باشوری کوردستان. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (2).

13 - the 24th Marine Expeditionary Unit ( MEU24) یەکەی ٢٤ی گەشتیاری دەریایی (Goff, 1992, p17).

14 ـ (MCC The Military Coordination Center ) لە 19 نیسانی 1991 دامەزرا، لە دوای ڕوخانی دیواری بەرلین، نوێنەرایەتی پەیوەندی سەربازی ئەمریکا (USMLM) لە شاری پۆتسدامی ڕۆژهەلاتی ئەڵمانیا دەکرد، کارێکی کەمی هەبو. بۆیە ژەنەراڵ گالڤین بۆ پێکهێنانی MCC ئەم هێزوی هێنا لە ناوچەی ئارام جێگیرکرد (Goff, 1992, 13).

14سابر عەبدولعەزیز حوسێن ئەلدوری: لەساڵی ١٩٤٩ لە شاری ئەلدور لەدایکبوە، ژەنەراڵی سەربازی پێشوی عێراقە، لە سەردەمی دەسەلاتی سەرۆک سەدام حوسێندا پۆستی هەستیاری هەبوە، لە ساڵی 1986دا بوەتە بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی عێراق و هەروەها بەڕێوەبەری هەواڵگری عێراقیش بوە. لە نێوان ساڵانی 1996-2001 دا پارێزگاری کەربەلا بوە .. دواجاریش پارێزگاری بەغدای پایتەختی عێراق بوە لە نێوان ساڵانی 2001 ـ2003. لە ساڵی 2003 دا کۆچی دوایکردوە. https://kitabat.com 2022/10/5.

15 - سابر عەبدولعەزیز حوسێن ئەلدوری: لەساڵی ١٩٤٩ لە شاری ئەلدور لە دایک بوە، ژەنەراڵی سەربازی پێشوی عێراقە، لە سەردەمی دەسەلاتی سەرۆک سەدام حوسێندا پۆستی هەستیاری هەبوە، لە ساڵی 1986دا بوەتە بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی عێراق و هەروەها بەڕێوەبەری هەواڵگری عێراقیش بوە. لە نێوان ساڵانی 1996-2001 دا پارێزگاری کەربەلا بوە دواجاریش پارێزگاری بەغدای پایتەختی عێراق بوە لە نێوان ساڵانی 2001 ـ2003. لە ساڵی 2003 دا کۆچی دوایکردوە. https://kitabat.com 2022/10/5.

15عەمید نەشوان جێگری ئەفسەری هەواڵگری بوە لە ئەرکانی گشتیی عێراق و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەددام حوسێنەوە هەبوە(Goff, 1992, 13))

16 - ەمید نەشوان جێگری ئەفسەری هەواڵگری بوە لە ئەرکانی گشتیی عێراق و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەددام حوسێنەوە هەبوە(Goff, 1992, 13))

17 - فرێد کونی (Fred Cuny ) سەرۆکی کۆمپانیای فریاگوزاری و ئاوەدانکردنەوە OFDA بو لە شاری دالاس لە ویلایەتی تەکساس، ئەزمونێکی بەرفراوانی لە سەرانسەری جیهاندا هەبو، چەندین بابەت و کتێبی لەسەر فریاگوزاری و ڕوبەڕوبونەوەی قەیرانەکان نوسیوە (Seiple, 1995, 46).

18 - ئۆکسفام: لە ساڵی ١٩٤٢ دا دامەزراوە لە شاری ئۆکسفۆرد لە بەریتانیا، سەرچاوەی ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کورتکراوەی دەستەواژەی "کۆمیتەی ئۆکسفۆرد بۆ یارمەتیدانی برسێتی"، فیدراسیۆنێکی نێودەوڵەتییە کە لە ١٩ ڕێکخراو پێکهاتوە و ناوەندەکانی لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبونەتەوە، زیاتر لە ٩٠ وڵاتدا چالاکن، بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی دیکە، ئامانجیان گەیشتنە بە چارەسەرێک کە یارمەتیدەربێت لە بەرەنگاربونەوەی هەژاری و برسێتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بەردەوام. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە https://www.britannica.com/topic/Oxfam-International 2022/10/16.

19 ـ(Colonel Richard Naab) ژەنەراڵێکی سەربازی ئەمریکی بو، لە ساڵی 1991 دا بەرپرسی ناوەندی هەماهەنگی سەربازی بو (MCC) لە زاخۆ بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان بە ڕێگەی گفتوگۆ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقی و هاوپەیمانەکان. هاوکات یەکێکە لە دۆستەکانی گەلی کورد.